# ئەرك و ئەزموونەكانی

# سەدەی بیست و یەكەم



نووسین و وەرگێڕانی نادر فەتحی (شوانە)

خاكەلێوەی ۲۰۲۰ی زایینی، ئاڵمان

www.rojhalat.de / www.bokan.de

Email: redaktion@rojhalat.de

## پێرست

**پێش گوتە** ........................................................................ ٣
**ئەرکی یەکەم** ..................................................................... ٩
ململانێی تێکنۆلۆژیکی ............................................................ ٩
کۆتایی پێهاتنی مێژوو وەدوا کەوتووە ........................................ ٩
**ئەرکی دووهەم: "کار"** ......................................................... ٣٠
ئەگەر وەختی کارت هاتبێ، ڕەنگە کارت وەگیر نەکەوێ ................. ٣٠
موتزارتی چێکراو ................................................................ ٣٨
پێشەی نوێ ........................................................................ ٤٣

## پێش گوتە:

دوای پەرتووکەکانی "کورتە مێژووی مرۆڤ" و "مێژووی دوارۆژی مرۆڤ" کە هەرئێستا بەشێوەی زنجیرە بابەت لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاو دەبنەوە، ئەم کتێبە وەك درێژەپێدەری بابەتەکە دەخەمە بەرچاوی خۆێنەری کورد.

لە جیهانێکدا کە پڕە لە زانیاریی بێ مانا، ئاشکرایە کە زانست و ڕووناکبیری وەك هێزێکی مەزن لە ئەژمار دێ. لە ڕوانگەی تێئۆریەوە هەر کەس پێیخۆش بێ دەتوانێ لە باسی داهاتووی مرۆڤدا بەشداری بکا، بەڵام کارێکی گەلێك ئەستەمە مرۆڤ بتوانێ لەوبوارەدا ڕێگایەکی ڕوون و ئاشکرا بدۆزێتەوە. زۆرجار هەستی پێ ناکەین کە باسێکی نوێ دەستی پێ کردووە، یاخود ساغ نابینەوە کام پرسیاری سەرەکی دەبێ گرنگایەتی بۆ باسەکان هەبێ. بە میلیارد مرۆڤی وەك ئێمە ئەو دەەرەتانەیان بۆ نارەخسێ کە بتوانن بەشداری بەردەوامی باسەکە بکەن، لەبەر ئەوەی ڕەنگە کار بکەن، لەگەڵ کێشەکانی ژیانیان بەربەرەکانی بکەن یاخود خۆیان بە منداڵ و دایك و باوکی پیریانەوە خەریك بکەن. ئەگەر لەسەر داهاتووی ژیانی مرۆڤ بە بێ بەشداربوونی ئیمە بڕیار بدرێ، بەو هۆیەی کاتی خۆمان زیاتر بۆ تێرکردنی منالەکانمان تەرخان کردووە یاخود سەرمان بە کار و کێشەی ژیانەوە قاڵە، ڕووداوێکی گەلێك نادادپەروەرانەیە کە نەتوانین لەسەر بڕیاری ژیانی داهاتوومان کارتێکەریمان هەبێت. بەڵام کێ دەتوانێ بڵێ مێژوو دادپەروەرە؟

سروشتییە مرۆڤی مێژووناس ناتوانن خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگمان بۆ دابین بکەن بەڵام دەتوانن هەوڵ بدەن ڕێگای ژیانمان بۆ ڕوون کەنەوە بۆئەوەی بتوانین بە ڕادەیەکی کەمیش بێت، لەسەر سەکۆی زێڕینی داهاتووی ژیانمان شوێندانەر بین. تەنانەت ئەگەر بتوانن سەرنجی گرووپێک مرۆڤ بۆ ناو دیالۆگی داهاتووی مێژووی مرۆڤ ڕاکێشن، ئەرکی خۆیان بەجێ هێناوە.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

یەکەم کتێبی ئەو بوارە واتە "کورتە مێژووی مرۆڤ" خۆی بە ڕابردووی مێژووی مرۆڤەوە خەریك کردبوو و ئەو پرسیارەی دەکرد کە چلۆن چەشنە "مەیموون – مرۆڤ" ێك کە گرنگایەتییەکی ئەوتۆی لە سروشتدا نەبووە، توانیویە ببێ بە حاکمی پلانیتی زەوی. دووهەم کتێب واتە "مێژووی دواڕۆژی مرۆڤ" پشکنینی لەسەر داهاتووی درێژخایەنی ژیان دەکرد و بیری خۆی بەوەوە خەریك کردبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تا چ ڕادەیەك مرۆڤ جێگای خوداکان دەگرێتەوە و بلیمەتی چێکراوی دەستی مرۆڤ (ئالگاریتمی کامپیۆتری) ئەو خۆبوێرییەی مرۆڤ لە دەستی دەردێنێ و بەسەریدا زاڵ دەبێ.

ئێستا لەم کتێبەی بەردەستتاندا دەمانەوی ئێستای مرۆڤ بگرینە ژێر چاوەدێری. کتێبەکە ڕوانگەی سەیرکردنەکەمان و لایەنی خۆی لەسەر ڕووداوەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی نیزیکی کۆمەڵگای مرۆڤ چڕ دەکاتەوە. لە کاتی ئێستادا چی ڕوو دەدات؟ لەمڕۆدا مەزنترین کار و ئەرکی گرنگی کۆمەڵ دەبێ چی بێ و بۆ وەدیهێنانی ئەرکەکانمان چ دەرەتانێکمان لەبەردەست دایە؟ سەرنج بۆ کام کاری گرنگ دەبێ ڕاکێشین؟ چ ئەرکێک دەبێ فێری منداڵەکانمان بکەین و چلۆنیان ڕابێنین؟

دیارە سروشتییە حەوت ملیارد مرۆڤ، حەوت ملیارد ڕوانگە و خەونی تایبەت بەخۆیان هەیە و هەر وەك ئاماژەشمان پیکرد، بیرکردنەوە و بەشداربوون لەو کارە گرنگەدا بە هەموو کەس ناکرێ و ناتوانن بەشداری لە هەمووشیان بکەن. دایکێکی بە تەنیا ماوەی کەلاوە نشینی شاری بۆمبەئی کە چەند منداڵی بەسەردا بەجێماوە، تەنیا سەری بە شتێکەوە خەریکە و ئەویش ڕزگارکردن و تێرکردنی منداڵەکانیەتی؛ ئەو پەنابەرانەی لەسەر بەلەمێك لە شوێنێکی زەریای ناوەڕاست بەرەو ئوروپا بەڕێوەن، چاویان بەدوای ئیشکانییەکە کە بتوانن تێیدا بحەسێنەوە؛ هەروەها نەخۆشێکی نەخۆشخانەی شارە گەورەکانی شوێنیکی ئەم هەردە، تەواوی هێزی خۆی بەکار دێنێ کە بتوانێ تەنیا هەناسەیەك زیاتر هەڵکێشێ. ئەو مرۆڤانە هەر هەموویان کێشەی گەلێك گرنگیان لە ژیانیاندا هەیە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەوا یا

هەرەسهێنانی سیستەمی لیبڕالی. هیچ کتێبێك، هیچ سیستەمێك و هیچ کەسێك ناتوانێ هەموو ئەو مرۆڤانە ڕازی ڕابگرێ و لە هەنبەر کێشەکان و ناکۆکییەکانی ژیانیاندا ڕێنوێنیان بکا. مرۆڤ تەنیا دەبێ ئاواتەخواز بێ کە بتوانێ لەو مرۆڤانە شتێك فێر بێ. یارمەتیدانی ئیمە دەبێ بە شێوازی گلۆبال بێ. ئێمە دەبێ چاو بۆ ئەو فاکتەرە سەرەکی و ناوەندییانە بگێڕین کە کۆمەڵگاکانی هەموو جیهان دەگرنەوە و بە ئەگەری زۆر کارتێکەرییان هەیە لەسەر داهاتووی پلانیتەکەمان. خەمخواری بۆ گۆڕان بەسەرداهاتنی کەش و هەوا و ژینگەی جیهانی، سەرەڕای دروستکردنی کێشە بۆ درێژەپێدانی ژیانی بوونەوەران لەسەر ئەم زەوییە لە داهاتوویەکی دوور گرنگایەتی خۆی هەیە و بەرنامە و ڕێگایەکی دوور و درێژە، بەڵام ئەمڕۆ و لە کاتی ئێستادا ڕەنگە باشتر وابێ جێی ژیانی ئەو دایکە بەتەنیاماوە هەژارنیشینەی بۆمبەئی برێك باشتر بکرێ، یارمەتی شەپۆلی پەنابەری سەر زەریای ناوەڕاست بدرێ و ڕێگاچارەیەك بۆ کێشەی سلامەتی جیهانی بدۆزرێتەوە.

ڕاستەقینەی ژیان لەسەر تەورە ڕەنگاوڕەنگەکان دانراوە و لە هەنگاوی یەکەمدا ئەم کتێبەی بەردەستتان هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی قۆناخە جیاوازەکانی کێشەی جیهانی ئەمڕۆی ئیمە دەدا بە بێ ئەوەی ئیدعای هەڵدانی پەرچەمی کامیل بوون بکا. بە جیاوازی لەگەڵ کتێبی "کورتە مێژووی مرۆڤ" و "مێژووی دواڕۆژی مرۆڤ"، ئەم کتێبە نەك وەك گێڕاوەیەکی مێژوویی سەیر دەکرێ بەڵکوو وەك کۆکردنەوەی ئەزموونی ژیان و دەرس وەرگرتن لە ئەزموونەکانە. تەنیا وەڵامدانەوەیەك ناتوانی بۆ چارەکردنی کێشەکانی ژیان بەس بێت، بەڵکوو دەبێ ڕێگاچارەکان یارمەتیدەری خوێنەر بن بۆ بەشداریان لە چەندین باسی سەرەکی و ناوەندی تەوەرەکاندا. ئەم کتێبە زیاتر لەسەر دیالۆگی کراوەی نێوان مرۆڤەکان پیکهاتووە. زۆربەی بەشەکانی ئەم کتێبە لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە پێکهاتووە کە لە لایەن خوێنەران، ڕۆژنامەوانان و هەڤاڵانی نیزیکەوە کراون. چەند بەشی کتێبەکە خۆیان بە تکنۆلۆژی، سیاسەت، ئایین و هونەرەوە خەریك کردووە. چەند بەش

پیرۆزبایی لە زانستی مرۆڤ دەکەن و چەند بەشێکیش لە چەقی نەزانی و لێنەهاتوویی مرۆڤ دەدوێن. بەڵام پرسیارە سەرەکییەکان وەك خۆیان دەمێننەوە: لەمرۆدا چ ڕوو دەدات و کام مانای قووڵ لە پشت ڕووداوەکانەوە وەستاوە؟ هۆی بەهێزگەیشتنی کەسایەتی وەك دۆنالد ترامپ لە کۆمەڵگادا چییە؟ چلۆن دەتوانین لە هەنبەر درۆ و پێچەوانەکردنەوەی تەوەرەکان لە لایەن تاقمێك لە مێدیاکان، ئایینەکان و ئەو هێزانەی وا دەبنە هۆی پیسکردنی میشکی مرۆڤ هەڵس و کەوت بکەین؟ بۆچی سیستەمی لیبڕالی لە قوڕ چەقیوە و تووشی هەرەس هێنان هاتووە؟ ئایا شەڕێکی جیهانیمان لە پێشە؟ کام شارستانییەت حوکمی جیهان دەکات – ڕۆژئاوا، چین یا ئیسلام؟ ئایا کارێکی دروستە کە قوڕنەی ئورووپا سنوورەکانی بۆ مرۆڤی کۆچبەر بکاتەوە؟ ئایا ناسیۆنالیزم ناتوانێ کێشەی نابەرانبەری کۆمەڵ و گۆڕانی کەش و هەوا چارە بکا؟ چلۆن دەبێ لە هەنبەر تێرۆر هەڵس و کەوت بکەین؟

دیارە ئەم کتێبە ڕوانگەیەکی گلۆبالی لەبەر چاوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نەک هەر نایەوێ سەکۆی ژیانی کەسیی مرۆڤەکان لەبەر چاو نەگرێ، بەڵکوو بە پێچەوانە دەیەوێ بە ویستەوە نیشانی بدا چ پەیوەندایەتیەکی تەنگاوتەنگ لە نێوان ڕووداوەکانی ئەمڕۆی جیهان و ژیانی یەك بە یەکی مرۆڤەکاندا هەیە. بۆ وێنە کارەساتی "تێرۆر" کێشەیەکی گلۆبالی سیاسییە و هاوکاتیش مێکانیزمێکی ڕۆحی و ڕەوانیی مرۆڤە. تێرۆر ئەو کات دەتوانی کارەسات پێك بێنێ کە ترس لە مێشکی مرۆڤەکاندا دروست بکا و ڕۆحی ملیۆنان مرۆڤ لەناو قەفەزی بەرتەنگی خۆیدا زیندانی بکا. بە شێوازێکی هاوچەشن، هەرەسهێنان و قەیرانی سیستەمی لیبڕالی نەك هەر لە ناو پارلەمانەکان و ناوەندی دەنگدانەکاندا، بەڵکوو لە خانەکانی دەمار و سیناپسەکانی مرۆڤیشدا بەڕێوە دەچێ. ئەوەش سەکۆیەکی ئاسایی لەسەر ئەم زەوییە پێکهێناوە کە کێشەی کەسیی هاوکات کێشەی سیاسیشە. بەڵام ئەوە لە سەردەمێکدایە کە زانایان، سەرمایەداران و حاکمان شێواز و ئاهەنگی لێدانی مێشکی

مرۆڤ دەخوێننەوە، هەر بۆیەش ئەو ڕاستییانە تاریکتر و ناشەفافتر لە هەر سەردەمێکیتر دەنوێنن.

جیهانی گڵۆبالی گوشارێکی گەلێك زۆر لەسەر هەڵس و کەوتی تاکەکەسی ئێمە و ئەخلاق و مۆڕاڵی تاك تاکی مرۆڤەکان دادەنێت. هەر کام لە ئیمە لە تۆڕێکی ئاڵۆزی جاڵجاڵوکەئاسا تێك هەڵێنراوین کە لە لایەکەوە پێش بە جووڵانەوەی ئازادانەی ئێمە دەگرێ و هاوکاتیش بچووکترین چالاکی و جووڵانەوەمان بۆ شوێنی دوور و نیزیك تۆمار دەکا. کاری ڕۆژانە و ئاسایی ئێمە کارتێکەری لەسەر ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵی ئەودیوی تۆپی زەوی دادەنێ، ڕووداوێکی بچووك بە شێوەی چاوەڕوان نەکراو دەتوانن ئاگر لە هەموو جیهان وەردەن هەر وەك خۆسووتاندنی محەمەد بوازیزی لە وڵاتی تۆنێس کە بووە هۆی پێکهێنانی بزووتنەوەی بەهاری عەڕەبی یاخود ئەو ژنانەی کە ئەزموونی ژیانی خۆیان لە پەیوەندایەتی لەگەڵ شێوەی خراپی کەڵکوەرگرتنی پیاوان و دەستڕێژیی سێکسی لەسەریان، ئاشکرا دەکەن و لەسەری دەدوێن و بزووتنەوەی وەك "**MeToo**" وەڕێ دەخەن.

ئەو ڕەهەندەی ژیانی تاکەکەسی ئیمەی مرۆڤ بە مانای گرنگترین کەرەسەیە دژ بە دەمارگرژی لەپێناو لایەنگری لە هەر سیاسەت، ئایین یا سیستەمێکیتری ژیان کە بەهۆی ئاسایی بوونیانەوە بە هاسانی لە کۆمەڵگاکاندا هەستیان پی ناکرێت و ڕەنگە بتوانێت هاسانکاریی یاخود بارودۆخێکی باشتر بۆ تاقمێك مرۆڤ وەك سپی پێست "جیاوازیی ڕەچەڵەك" بەرژەوەندی ئایینی و جیاوازی نەتەوەیی و هتد... پێك بێنێ. بەڵام ئایا ئەو چالاکییانە هەنگاوێکی گەش بینانەن؟ مرۆڤ چلۆن بتوانێ سەکۆیەکی قورس وقایمی ئەخلاقی لە جیهانێکدا بدۆزێتەوە کاتێ لە ئاسۆی ئێمە تێپەڕ بووە، بە تەواوەتی جووڵانەوە و هەڵس وکەوتی مرۆڤ کونتڕۆڵ دەکا و هەموو سیستەم، ئیدیۆلۆژی و خوداکان دەخاتە ژێر پرسیار و ڕەخنەوە؟

ئەم کتێبە بە چاوپێداخشانێك بەسەر بارودۆخی سیاسی و تێکنۆلۆژی ئێستا دەست پێدەکا. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا وێدەچوو بەربەرەکانی مەزنی نێوان ئیدیۆلۆژییە گەورەکانی جیهان واتە فاشیزم، کۆمۆنیزم و لیبرالیزم بە سەرکەوتنی لیبڕالیزم کۆتایی پێ بێت. وێدەچوو سیاسەتی دێمۆکڕاتیك، مافی مرۆڤ و ئازادیی بازاڕی ئابووری هەموو جیهان داگیر بکات و لە خزمەت بەهرە گەیاندن بە مرۆڤ، ئاژەڵ و ژینگە دا بێت. بەڵام هەر وەك هەمیشە بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان لە مێژوو، دوای ڕووخانی فاشیزم و کۆمۆنیزم، لیبڕالیزم کێشەی مەزنی لەسەر ڕێگا بۆ قوت بۆتەوە. کەوابوو بەرەو کوێ دەئاژۆوێین؟

ئەو پرسیارە بەتایبەت گرنگە؛ چونکە لیبڕالیزم تەواو لەو کاتەدا باوەڕپێکراوی خۆی دەدۆڕێنێ کە دوو شۆڕشی تێکنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێکنۆلۆژی، ئێمە لە سەر گرنگترین ڕێگای دۆزینەوەی ئەرکی ژیانمان دادەنێن کە تا ئەمرۆ مرۆڤی هۆمۆساپیەنس بە خۆیەوەی نەبینیوە. تووانەوەی ئەو دوو شۆڕشە لەیەکتردا دەتوانێ بازاڕی ئابووری ملیاردان مرۆڤ لەژێر گوشاری خۆیدا دابنێ و ئازادی و بەرانبەریان لێ بشێوێنێ. ئالگاریتمی مەزنی هێزی چێکراوی دەستی مرۆڤ دەتوانێ دیکتاتۆری دیجیتالی بخوڵقێنێ کە هێزی جیهانی تەنیا لەناو دەستی گرووپیکی بچووکدا ڕابگرێت و زۆربەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە نەك لەژێر باری چەوسانەوە و ژێردەستیدا ئازار بکێشن بەڵکوو دۆڵپایەکی گەلێك گەورەتر کە " بێ مانایی" بێت، ژیانیان لێ تاڵ بکا.

تووانەوەی شۆڕشی تێکنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێکنۆلۆژی لە کتێبی پێشوودا واتە "مێژووی دواڕۆژی مرۆڤ" بە ووردی ڕوون کراوەتەوە. بەڵام لە کاتێکدا کتێبەکە خۆی بە ڕوانگەیەکی درێژخایەنەوە خەریك کردبوو – و تەنانەت پێشبینی سەدان و هەزاران ساڵی داهاتووی دەکرد، ئەم کتێبەی بەردەستتان بەهێزتر خۆی بە قەیران و هەرەسهێنانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوورییەوە خەریك دەکا.

## ئەركی یەكەم

### ململانێی تێكنۆلۆژیكی

مرۆڤایەتی باوەڕی خۆی بە گێراوەی سیستەمی لیبڕالی لە دەست داوە، بەتایبەت لە هەنبەر ئەو سیاسەتەی لە سەدەی ڕابردوودا بارودۆخی كۆمەڵگاكانی پێ دیاری كراوە. لە كاتێكدا ئێستا توانەوەی شۆڕشی تێكنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێكنۆلۆژی لەناو یەكتردا بەڕێوە دەچێ، مەزنترین ئەركی دژواری بەرپرسایەتی ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرانیتریان بە شێوەیەك خستۆتە سەر شانی، كە تا ئەمرۆ هاوچەشنیمان نەبینیوە.

### كۆتایی پێهاتنی مێژوو وەدوا كەوتووە

مرۆڤەكان باوەڕیان بە چیرۆك و گێڕاوە زیاترە هەتا بەڵگە، ژمارە یا فاكتەری بیركاری و هەرچەندیش چیرۆكەكان بە شێوەی ئاسایی و هاسانتر هۆنرابێتنەوە، باشتری لی تێ دەگەن و بە باشتری دادەنێن. هەركەس، هەموو گرووپێك و نەتەوەیەك لە سەرانسەری ئەم جیهانەدا گێڕاوە، چیرۆك و داب و نەریتی تایبەت بە خۆیان هەڵبەستووە. بەڵام لە پڕۆسەی بەڕێوەچوونی كاروباری سیاسی سەدەی بیستەمدا بڵیمەتانی جیهانی لە نیۆیۆرك، لەندەن، برلین و مۆسكۆ سێ گێڕاوە و چیرۆك دەخەنە سەر ڕێگای مرۆڤ كە بەهۆی ئەوانەوە مێژووی ڕابردووی بە تەواوەتی پێ ڕوون دەكەنەوە و پێشگوویی داهاتووی هەموو جیهانی پێ دەكەن: **"گێڕاوەی فاشیستی"، "گێڕاوەی كۆمۆنیستی"** و **"گێڕاوەی لیبرالی"**. شەڕی جیهانی دووهەم بووە هۆی تووتا بوونی گێڕاوەی فاشیستی و لە كۆتایی ١٩٤٠ەكانەوە هەتا كۆتایی ١٩٨٠كان جیهان بووە سەكۆی بەربەرەكانی و مەیدانی شەڕی نێوان دوو گێڕاوەی كومۆنیستی

و لیبڕالی. دواتر گێراوەی کۆمۆنیستیش تێکڕووخا و گێڕاوەی لیبڕالی وەك ڕێنوێنی بڕیاردەر بۆ ڕابردوو و یاسایەك بۆ داهاتووی جیهان – یاخود لای کەم بەو شێوەیەی بڵیمەتانی لیبرالی خۆیان باوەڕیان پێی بوو، بە تەنیا مایەوە.

گێڕاوەی لیبڕالی بەسەر بەها و بایەخ و هێزی ئازادیدا هەڵدەڵێ و بە پیرۆزی دادەنێ. ئەوان دەڵێن مرۆڤایەتی بە درێژایی هەزاران ساڵ لەژێر سیستەمی ڕژێمەکانی سەرکوتکەردا ژیاوە کە زۆر کەم مافی سیاسی، شانسی گەشەکردنی ئابووری یا ئازادیی کەسیی پێ دراوە و چالاکییەکانی بۆ وەدەستهێنانی ئازادبوونی مرۆڤ، ئیدە و بیرکردنەوەکانیان لەوپەڕی زوڵم و زۆرلێکراویدا سەرکوت کراوە. بەڵام مرۆڤ بۆ وەدەستهێنانی ئازادی بەردەوام تێکۆشاوە و هەنگاو بە هەنگاو ئازادیی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە. لە جیاتی دیکتاتۆری سەرکوتکەر، حکوومەتە دێمۆکراتەکان پێکهاتن. خوڵقاندنی کاری بازاڕی ئازاد ڕێگای بە بارودۆخی ئابووری قەتیسکراوی سەردەمی دیکتاتۆرەکان بەرتەنگ کردەوە. مرۆڤ فێر بوو لەجیاتی ئەوەی کوێرانە گوێڕایەڵی ئایین و داب و نەریتی کۆن بێت، ئازادانە بیر بکاتەوە و وەدوای هەستی دڵی خۆی بکەوێت. شەقامە کراوەکان، پردە قایمەکان و فڕۆکەخانە پڕ لە حەشیمەتەکان جێی دیوار، قەبر و سیمی چوکڵەداریان گرتەوە.

ڕیوایەت و گێراوەی لیبڕالی دان بەوە دادەنی کە ڕەنگە هەموو شتێکی ئەم جیهانە بە باشی بەڕێوە نەچووبێ و هێشتا زۆر کێشە و بەرز و نزمی هەبن کە دەبێ بەسەریاندا زاڵ بین، بەڵام ڕەوتەکە بە پێی کات و بارودۆخی ژیان بەرەو باشی دەڕوا و گەشەکردنی ئابووری پەرە دەستێنێ. بەشێکی زۆری جیهان هێشتا هەر لە لایەن زاڵمانەوە حکوومەت دەکرێ و تەنانەت لە وڵاتە ئازادکراوەکانیش زۆربەی مرۆڤ لەژێر باری هەژاری، شەڕخوازی و چەوسانەوەدا ئازار دەکێشن. بەڵام لای کەم دەزانین بۆ چارەکردنی ئەو کێشانە چ ئەرکێکمان لەسەر شانە: "ئازادی زیاتر بۆ مرۆڤ پێك بێنن. ئێمە دەبێ پارێزگاری لە مافی مرۆڤ بکەین، دەبێ مافی دەنگدان بە شێوەی ئازادانە بۆ هەموو کەسێك

مسووگەر بکەین، بازاڕی ئابووریی ئازادیان بۆ دامەزرێنین و بارودۆخێکی ئەوتۆیان بۆ ساز کەین کە بتوانن ئیدە، بیروبۆچوون و چالاکییەکانیان لە سەرانسەری ئەم جیهانە بە بێ هیچ کێشە یاخود لەمپەردانانی سەر ڕێگاکەیان بەڕێوە بەرن." بەرنامەی کاری لیبرالییەکان کە زۆر کەم گۆڕانکاری بەسەردا هێنراوە لە لایەن جۆرج بۆش و بارەك ئۆباماوە وەك خۆی بەکار هێنراون: "ئەگەر ئێمە سیستەمی سیاسی و ئابووری خۆمان زیاتر و زیاتر لەگەڵ لیبرالیزم گرێ بدەین و بە شێوەیەکی گلۆبالی بەڕێوەی بەرین، دەتوانین ئاشتی و ئاسایش بۆ هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم هەردە دەستەبەر بکەین."

لیبرالەکان دەڵێن: "ئەو وڵاتانەی خۆیان تێکەڵی ڕێژەی بەرەو پێشکەوتوویی جیهانی کە وەك سێڵاوێك وەڕێکەوتووە و بەهیچ شێوەیەك پێشی پێ ناگیرێت،بکەین بە ئاشتی و ئاسایش خەڵات دەدرێن. ئەو وڵاتانەی خۆیان لەو ڕێژەیە لا دەدەن بە پێی کات هەست بە ئاکامەکانی دەکەن، بەڵام دواتر ئەو کاتەی هەست بە تیشك و ڕۆشنایی لیبرالیزم بکەن، سنوورەکانیان دەکەنەوە و سیاسەت، کۆمەڵگا و بازارەکانیان لیبرالیزە دەکەن. ڕەنگە ئەو کارە ماویەکی زۆر بخایەنێت بەڵام لە کۆتاییدا تەنانەت وڵاتانی وەك کورەی باکووری، عێراق و ئێلسالوادۆریش وەك دانمارك یا ئایۆوا پێشکەوتوو و نەخشین و ڕێك و پێك دەنوێنن."

لە ساڵانی ١٩٩٠ەکان و لە دەسپێکی هەزارەی نوێدا گێراوەی لیبرالی دەبێتە ستانداردێکی جیهانی. زۆربەی حکوومەتەکان لە وڵاتی برازیلەوە هەتا هیندوستان ناچار بە وەرگرتنی شێوەی بەڕێوەچوونی سیستەمی لیبرالی دەکرێن بۆ ئەوەی خۆیان لە مێژووی وەڕێکەوتووی جیهانی گرێ بدەن. ئەو وڵاتانەی خۆیان تێکەڵاوی ئەو مێژووە نەکردبێ، وەك فوسیلی سەردەمی کۆنیان لێهاتووە. ساڵی ١٩٩٧ بیل کلینتۆن "Bill Clinton" سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەخنە لە وڵاتی چین دەگرێ و بە شێوەیەکی بڕوابەخۆیی دەڵێ: "وڵاتی چین سیاسەتی لیبرالی ڕەد کردەوە و بەو کارەی خۆی خستە بەری هەڵەی مێژوو."

www.rojhalat.de / www.bokan.de

بەڵام لای کەم لە قەیرانی ئابووری ساڵی ٢٠٠٨ بەدواوە مرۆڤ لە هەموو وڵاتانی ئەم جیهانە باوەڕیان بە سیستەمی لیبڕالی لە دەست داوە. دیوارەکان و فایروالەکان هەمیسان دادەنرێنەوە. بەرەنگاریی لە هەنبەر کۆچکردن و ڕێککەوتنامەی بازاڕی ئازاد گەورە دەبنەوە. حکوومەتە بە ناو دێمۆکراتیکەکان ئازادیی سیستەمی دادپەروەری لەژێر گوشار دادەنێن، سنوور بۆ ئازادی مێدیاکان دروست دەکەن و هەر چەشنە ئیدەیەکی جیاواز لە حکوومەت بە خەیانەت دادەنێن. هێزدارانی وڵاتانی وەك تورکیا و ڕووسیا تاقیکارییی لەسەر فۆرمی نوێی دێمۆکراسی بێ ڕووح و دیکتاتۆریی ئازا و بەجەرگ دەکەن. بە پێچەوانەی گوتەکەی بیل کلینتۆن لەمڕۆدا کەم کەس لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە حکوومەتی چین لە بەری هەڵەی مێژوویی ڕاوەستاوە.

ساڵی ٢٠١٦ – بەهۆی "Brexit-Votum" ەوە، لە بریتانیای مەزن و هاتنە سەر کاری دۆنالد ترامپ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، شەپۆلێکی ناهۆمێدی لە ناوەندی سیستەمی لیبڕالی ڕۆژئاوای ئورووپا و باکووری ئەمریکا وەڕێکەوت. لە حاڵێکدا چەند ساڵ پێش ئێستا ئەمریکا و ئورووپا بۆ هێنانی وڵاتانی وەك عێراق و لیبیا بۆ ناو سیستەمی لیبڕالی تفەنگیان لەسەر ڕاگرتبوون، ئێستا زۆربەی مرۆڤی کنتاکی "Kentucky" و یورکشایر "Yorkshire" خەونی لیبڕالی یا بە شتێکی باش دانانێن یاخود بە ڕاستەقینەی نازانن. تاقمێك مرۆڤ تامەزرۆیی و خۆشەویستییان بۆ جیهانی ڕوتبەیی و پلەیی هەیە و نایانەوێ لە مافی تایبەتیی وەك نەتەوە، ڕەچەڵەك، یا جنسییەتی خۆیان چاوپۆشی بکەن. ئەوانیتر جا بە حەق یا ناحەق هاتوونەتە سەر ئەو بڕیارە کە لیبرالیزم و گلۆبالیزم تەنیا چەمکی داتاشراوی هێزمەندانن و بۆ ئەوە دانراون، بەشێکی کەمی مرۆڤ لەسەر شانی زۆربەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە لە ئاسایش و دەوڵەمەندیدا ژیان بکەن.

ساڵی ١٩٣٨ مرۆڤ دەرەتانی ئەوەی هەبوو لە نێوان سێ گێڕاوە و ڕەوایەتی گلۆبالی دا یەکیان هەڵبژێرێ، ساڵی ١٩٦٨ تەنیا دوویان مانەوە، ساڵی ١٩٩٨ وێدەچوو تەنیا یەکیان سەرکەوتوو بێ؛ ساڵی ٢٠١٨ ئەویش

www.rojhalat.de / www.bokan.de

پووچەڵ بۆوە وهاتینەوە سەر سیفر. شتێکی سەیر و سەمەرە نییە سیستەمی لیبرالی کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا دەستی بەسەر بەشێکی گەورەی ئەم جیهانەدا ڕاگرتبوو، ئێستا لە بارودۆخێکی کاس و سەر لێ شێواویدا مابێتەوە. لەمرۆدا هیچ شتێك لە گێڕاوە یا ریوایەتێکی ئارامکەرەوە بۆ مرۆڤ باشتر نییە. دیارە ڕوونە، ئەگەر لەپڕێکدا هیچ گێڕاوەیەکمان بۆ نەمێنێ، هەستێکی گەلێك پڕ لە مەترسیمان دەبێت و ئیتر هیچ شتێك مانای نابێ. هەر وەك گێڕاوەی کۆمۆنیستی سوڤیەت لە ١٩٨٠ەکاندا کوت و پڕ کۆتایی پێ هات، لیبرالەکان ناتوانن تێ بگەن چلۆن مێژوو ڕووی خۆی لێ لادان و هیچ ڕێگایەکیتری بۆ نەهێشتنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ڕاستەقینەیەی باوەڕیان پێی هەبوو بۆ مرۆڤی سەر زەوی بە ڕاستی وەرگێڕن. سەرلێ شێواوییەکەیان بۆتە هۆی چوارچێوە بە دەوری خۆدا کێشان و بەرتەسك بوونەووەی بیر و باوەڕ، بە شێوازێك کە ڕاستەقینەی تەوەرەکان لەبەر چاو نەگرن و مێژوویەك کە دەبوو کۆتاییەکی باشی هەبێ مانایەکیتری پێدەدرێ و وێدەچێ دنیایان گەیشتبێتە کۆتایی. مێشکی تاقمێکیان لەو بارودۆخەدا نییە بتوانن هەست بە ڕاستەقینە بکەن و هەر بۆیەش کاردانەوەکەی زۆرجار کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. هەر وەك کەسێك کە پێیوایە سەرێشەیەکی بە ئازار نیشانەیە بۆ لوویەکی ناو مێشك کە لە کۆتایی پەرەسەندنی خۆی دایە، زۆربەی لیبرالەکان ترسیان هەیە کێشەی "Brexit-Votum" و هاتنە سەر کاری دۆنالد ترامپ کۆتایی بە شارستانییەت بێنێت.

هەستی سەرلێشێواوی و هەڕەشەی توونا بوون بەهۆی خێرابوونەوەی هەنگاوەکانی تێکنۆلۆژییەوە هێندەیتر زیاتر بۆتەوە. سیستەمی سیاسی لیبرالی خۆی لەگەڵ پێشەسازیی سەردەمی کۆن وەك کەرەسەی هەڵم و کەرەسەی بەکاوەخۆی بەرهەمهێنانی نەوت ڕاهێناوە. سروشتییە کە شۆڕشی خێرای تێکنۆلۆژی زانیاری و بیۆتێکنۆلۆژی سەر لە حاکمانی لیبرالی دەشێوێنێ.

هەم سیاسەتوانان و هەم ئەو مرۆڤانەی هەڵیان دەبژێرن و دەنگی خۆیانیان پێ دەدەن بە هیچ شێوەیەك لە بارودۆخێکدا نین لە تێکنۆلۆژی

www.rojhalat.de / www.bokan.de

نویێ تێ بگەن و بتوانن خۆیان لەگەڵ ئەو تەقینەوە لە ناکاوەی پێشکەوتوویی زانستی پێشەسازیدا ڕێك بخەن. لە ١٩٩٠مکانەوە ئینترنێت بەڕادەیەك شوێنی لەسەر جیهان داناوە کە هیچ فاکتەریك لە هیچ سەردەمێکدا تا ئێستا نەیتوانیوە بەو شێوەیە کارتێکەری لەسەر جیهان هەبێت. بەڵام ئەو تۆڕە گرنگە مێدیاییە ئیدەی لیبڕالیزم نەبووە، ئەو شوڕشە لە لەیەن زانایانی تکنیکییەوە دانراوە و کەمتر حیزبە سیاسییەکان دەستیان تێدا بووە. ئایا تا ئێستا لە ڕێگای ئینترنێتەوە دنگی خۆتان بە سیاسەتوانان داوە؟ سیستەمی دیمۆکراتی لیبڕالی هێشتا بەوەوە خەریکە تێبگات چی بەسەر هاتووە و بە دڵنیاییەوە بە هەنگاوکانیتری پەرەسەندنی تێکنۆلۆژی وەك هێزی چێکراوی کامپیۆتری بە تەواوی وورەی خۆیان لە دەست دەدەن.

تەنانەت لەمڕۆدا سەرکەوتوویی کامپیۆتری سیستەمی ئابووری هێندە ئاڵۆزە کە بە دەگمەن مرۆڤ لێی تێ دەگا. بەو هۆیەی بڵیمەتی چێکراوی کامپیۆتری لە ڕابردوودا بەرە بەرە باشتر و کامیلتر دەبێتەوە، دەگەین بە خاڵێك کە ئیتر هیچ مرۆڤێك سەری لی دەرناهێنێ. ئەو پێشکەوتوویە چ ئاکامێکی بۆ پڕۆسەی سیاسی دەبێ؟ ئایا دەکرێ مرۆڤ حکوومەتێك لەبەر چاوی خۆی وێنا بکا کە سەرشۆڕانە لەسەر ئەوە ڕاوەستێ کە ئالگاریتمی کامپیۆتری کاری ڕۆژانە و چەشنی کۆکردنەوەی باجی بۆ دیاری بکات؟ بەو هۆیەی [Peer-to-peer-Blockchain-Netzwork] و پارەی (Krypto) وەك "Bitcoin" ئاڵوگۆڕی تەواو بەسەر سیستەمی پارەدان دا دێنن، فۆرمی پێشووی باج بە تەواوی لە ناو دەچێ. بەو شێوازە بۆ وێنە نەگونجاو یا بێ مانا دەبێ باج بە پێوانەی دۆلار حیساب بکەن، چونکە زۆربەی بانکەکان و شوێنی پارە گۆڕینەوە بەها و بایەخی پارەیەکی دیاریکراویان لەبەر دەست نییە کە بتوانن لەگەڵ بەهای پارەی وڵاتانیتر هەڵیسەنگێنن. حکوومەتەکان ناچار دەکرێن سیستەمێکی تەواو نوێی دیکە بدۆزنەوە - ڕەنگە سیستەمێکی باج لەسەر زانیارییەکان. (ئەو زانیاریيانە وەك تەنیا پارەیەکی گرنگ و نەگۆڕ لە بازاڕی ئابووریدا لە ئەژمار دێن کە بەهۆی ئەوانەوە ئاڵوگۆڕی بەهای شتومەکەکانی پێ دیاری دەکرێ).

ئایا سیستەمی سیاسی - ئابووری پێشوو پێش ئەوەی پارەکەیان تەواو بێ دەتوانن خۆیان لەو چەشنە قەیران و بەرنامە ئاڵۆزانە ڕزگار بکەن؟

لەوەش گرنگتر: دوو شۆڕشی تێکنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێکنۆلۆژی نەك هەر بە ساکاری دەتوانن گۆڕان بەسەر بازاڕی ئابووری و کۆمەڵگاکاندا بێنن، بەڵکوو کارتێکەرییان لەسەر لەش و ڕۆحی ئێمەی مرۆڤیش هەبێ. لە ڕابردوودا مرۆڤ ئەزموونی کردووە دەست بەسەر جیهانی دەور و بەریدا بگرێ، بەڵام بەسەر دنیای دەروونی خۆماندا کونتڕۆلێکی ئەوتۆمان نەبووە. ئێمە دەمانزانی چلۆن پرد یا ئاوبەند دروست دەکرێ، بەڵام نەماندەزانی چلۆن دەکرێ پێش بە پیربوونی مرۆڤ بگرین. ئێمە دەمانزانی چلۆن سیستەمی ئاودانی کشت و کاڵ کار دەکا، بەڵام زانیارییەکی گەلێك کەممان لەسەر چلۆنایەتی کارکردنی مێشکی مرۆڤ هەبوو. ئەگەر لە کاتی ڕاکشاندا مێشوولە لە پەنا گوێمان وزەی هاتبا دەمانزانی چلۆن بیکووژین، بەڵام ئەگەر لە کاتی خەودا مێشکمان خۆی بە تەوەرێکەوە خەریك کردبا و هەموو شەوەکە بەخەبەری ڕاگرتباین زۆربەی ئێمە نەماندەزانی چلۆن خۆمانی لی ڕزگار کەین.

شۆڕشی تێکنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێکنۆلۆژی بە ئەگەری زۆر دەبنە هۆی کونتڕۆلی جیهانی دەروونی ئێمە و دەمانخاتە بارودۆخێکەوە بتوانین ژیانمان مانیپۆلیرە بکەین و ژیانیکی نوێ بخولْقێنین. ئێمەی مرۆڤ ڕادەهینرێن چلۆن مێشك ساز کراوە، بە چ شێوازێك ماوەی ژیان درێژ بکەینەوە و چلۆن خۆمان لە بیرکردنەوەی شەوانە و بێ خەوییەکەی ڕزگار بکەین. بەڵام هیچ کەس نازانێ چ ئاکامیکی بۆ ژیانی ئێمە دەبێ. بۆ مرۆڤ کارێکی گەلێك هاسانترە بەهۆی دروستکردنی ئاوبەندێك پێش بە ئاوی ڕووبار بگرێ، بەڵام پێشبینیکردنی ئاکامە ئاڵۆزەکانی کارتێکەری شۆڕشی تێکنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێکنۆلۆژی لەسەر ئۆکۆسیستەمی لە لا گەڵێك گرانە. هەروەها زۆر ساکارترە پڕۆسە و ڕەوەندی بیرکردنەوەی مێشکمان بەرەو لایەنێکی تر بەرین بە

www.rojhalat.de / www.bokan.de

هەڵسەنگاندن لەگەڵ پێشبینیکردنی ئەوەی چ گۆڕانێک بە سەر دەروون و ڕەوانی کەسیی ئیمە یا سیستەمی کۆمەڵایەتیماندا دێت.

لە ڕابردوودا وەدوای هێزێك کەوتبووین کە بتوانین جیهانی دەوروبەری خۆمانی پێ مانیپولیرە بکەین و پلانێتەکەمانی پێ بگۆڕین، بەڵام بەو هۆیەی لە پرۆسەی ئاڵۆزی ژینگە تێ نەدەگەیشتین، گۆڕانکارییەکانی پێکمان هینان بە تەواوەتی ئۆکۆسیستەممان پێ توونا کرد و لەمرۆدا لەگەڵ کێشەی تێك ڕووخانی ژینگە ڕووبەڕوو بوینەتەوە. لەم سەدەیەدا بیۆتێکنۆلۆژی و تێکنۆلۆژی زانیاریی ئەو هێزەمان بۆ گونجاو دەکەن کە گۆڕان بەسەر جیهانی دەروونی خۆماندا بێنین و شکڵ و بیچمی خۆمانی پێ بگۆڕین، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سیستەمی ئاڵۆزی ڕۆحی خۆمان ناگەین، ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر خۆمانیدا دێنین دەتوانن بە ڕادەیەك هاوسەنگیی سیستەمی زەینی مان لێك بترازێنن کە خۆی ببێتە هۆی توونابوونی خۆی.

شۆڕشی تێکنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێکنۆلۆژی لە لایەن موهەندیسان، کارزانان و زانایانەوە درێژەی پێ دەدرێ و لە بڕیاردانە سیاسیەکانیدا مەبەستێکی دیاریکراو و بە ویستەوە لەبەر چاو ناگرێ و بە ئەگەری زۆر نوێنەری هیچ لایەنێکیش نابێ. ئایا پارلەمانەکان و حیزبەکان دەتوانن ئەو ئەرکە لە دەستی خۆیاندا ڕاگرن؟ لەسەر زانیاری ئەمڕۆ وێدەچێ نەتوانن. دۆنالد ترامپ لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگدەران ووشیار دەکاتەوە کە مرۆڤی مێکزیکی و چینی جێی کاری مرۆڤی ئەمریکایی دەگرنەوە، هەر بەو هۆیەشەوە دەبێ دیوارێکی بەرز لە نێوان سنووری مێکزیك و ئەمریکادا بکێشرێ. بەڵام هەرگیز دەنگدەران لە هەنبەر ئالگاریتمی کامپیۆتری کە بەرە بەرە جێێ کاری زۆربەی کرێکاری ئەمریکایی و جیهان دەگرنەوە، ووشیار ناکاتەوە و پێشنیار ناکا لە سنووری کالیفۆرنیا فایروال "Firewall" دامەزرێندرێت.

ئەوە دەتوانی یەك لە بەڵگەکان بێ (ئەگەر تەنیا بەڵگە نەبێ)، بۆچی تەنانەت خودی دەنگدەرانیش لە ناوەند و دڵی سیستەمی لیبڕالیی

ڕۆژئاواییدا باوەڕی خۆیان لە هەنبەر گێڕاوە و ڕیوایەتی ئازادیی و پرۆسەی دێمکراتیدا لە دەست داوە. ڕەنگە وابێ کە مرۆڤی ئاسایی لە بڵیمەتی چێکراو و بیۆتێکنۆلۆژی تێ نەگەن، بەڵام ئەوان هەست دەکەن کە داهاتوو بە پەنا گوێیاندا تێپەڕ دەبێ. ساڵی ١٩٣٨ بارو دۆخی مرۆڤی ئاسایی لە سۆڤیەت، ئاڵمان یا ئەمریکا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەمڕۆ جیاوازی هەبوو، بەڵام سیستەمی لیبڕلی وای بە گوێدا خوێندبوون ئەوان گرنگتر لە هەمووشتێکی ئەم جیهانەن و داهاتوو تەنیا هی ئەوانە. (دیارە بەو مەرجەی مرۆڤی "ئاسایی" بن واتە نە جوولەکە و نە ئەفریقایی) شارومەندانی ئاسایی چاویان لە پلاکاتی هەڵبژاردنەکان بڕیبوو - ئەو پلاکاتانەی وێنەی کریکاری زوغالی مەعدەن، کرێکاری پۆلا و ژنی ناوماڵیان لە ژێستێکی قارەمانانەدا نیشان دەدا - لەوێدا خۆیان دەبینییەوە: "لەوێ، لەسەر پلاکاتەکە، ئەوە منم! من قارەمانی داهاتووی جیهانم!"

ساڵی ٢٠١٨ مرۆڤ خۆی بێ مانا هەست پێدەکا. بەهۆی "TED-Talks" واتە کۆنفرانسی ئینتێرنێتی، لە لایەن بڵیمەتانی حکوومەتییەوە کە بە کەڵك وەرگرتن لە ووشەگەلی گلۆبالبوونی جیهان، بلۆکی زنجیرەیی "Blockchain"، گۆڕانکاری بەسەرداهێنانی "ژێن"ەکان، بڵیمەتیی چێکراو، ڕاهێنانی ئۆتۆماتیکی و ... -، سەر لە مرۆڤی ئاسایی دەشێوێنن و مرۆڤ لەبەر خۆیەوە بیر دەکاتەوە ئایا ئەو ووشانە پەیوەندییان بە منەوە هەیە؟ گێڕاوە و ڕیوایەتی لیبڕالی گێڕاوەیەکی مرۆڤی ئاسایی بوو. چلۆن دەتوانێ لە جیهانی سایبری "Cyborgs"دا ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە و بتوانێ لەگەڵ تۆڕی ئالگاریتمی کامپیۆتری باڵانسی خۆی ڕابگرێت؟

لە سەدەی بیستەمدا مرۆڤەکان دژ بە چەوسانەوە و ڕووتانەوە شۆڕشیان کرد و هەوڵیان دا ڕۆڵی گرنگی ئابووری خۆیان بکەنە هێزێکی سیاسی. لەمڕۆدا زۆربەی ئەو مرۆڤانە ترسیان لە هەنبەر بێ مانایی ژیانیان هەیە، ئەوان دەیانەوێ پێش ئەوەی ئیتر درەنگ بێ، لەو هێزە سیاسییە کزەی بۆیان ماوەتەوە کەڵك وەرگرن. "Brexit" و هەڵبژاردنی دۆنالد ترامپ دەتوانن ئاکامی پەرەسەندنێك بن کە تەواو بە پێچەوانەی داب و نەریتی شۆڕشی سوسیالیستی وەستاون. شۆڕشەکانی

وڵاتانی ڕووسیا، چین و کوبا لە لایەن ئەو مرۆڤانەوە بەڕێوە چوون، کە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە گرنگایەتییەکی گەلێك زۆریان هەبوو بەڵام نوقسانی هێزی سیاسییان هەبوو؛ساڵی ٢٠١٦ ترامپ و برێکزیت لە لایەن مرۆڤێکی زۆرەوە پشتیوانی کران کە هەر وەك پێشووش هێزی سیاسیان هەبوو، بەڵام ترسیان لەوە بوو لە باری ئابوورییەوە هەرەس بێنن. بە ئەگەری زۆر بزووتنەوەی پۆپۆلیستی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دژ بە ڕووتاندنەوە و چەوسانەوەی ئابووری نەبووە، بەڵکوو دژ بە شێوازێك کە وێدەچوو ئیتر پێویستی بە مرۆڤ نەبێ، شەڕێك کە مرۆڤ تێیدا دۆڕاو دەهاتە دەر، چونکە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بەربەرەکانی لە هەنبەر چەوسانەوە و ڕووتانەوە، زۆر ئەستەمە دژ بە بێ مانایی ڕاوەستان.

ئەوە یەکەم جار نەبوو کە ڕەوایەتی لیبڕالی لە هەنبەر قەیراندا بەربەرەکانی بکا. لەو کاتەوە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەوە هەوڵی کارتێکەریی لە سەراسەری جیهان دەدا، بە شێوەی بەردەوام تووشی قەیران هاتووە. یەکەم هەوڵ بۆ بە لیبڕال و گڵۆبالکردنی جیهان لە لایەن هێزی سیاسی ئیمپریالیستییەوە بە حەمامێکی خوێن کۆتایی پێ هات. چەند ڕۆژێك دوای کوژرانی "Erzherzog Franz Ferdinand" لە سارایوڤۆ بە ئاشکرایی نیشانی دا کە هێزدارانی جیهانی باوەڕیان گەلێك بە ئیمپریالیزم زیاترە هەتا لیبڕالیزم و لەجیاتی ئەوەی جیهان لە ڕێگای بازرگانی و ئاشتی لێك نیزیك بکەنەوە زیاتر بەوەوە خەریك بوون بەهۆی شەڕخوازیی و زێدەڕۆیی بەشێکی گەورەتری کورەی زەوی بخەنە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیانەوە. بەڵام لیبرالیزم لە سەردەمی "Erzherzog Ferdinand Franz" ڕزگاریی هات و بە وورە و هێزێکی بەتواناترەوە شەڕەکەی درێژە پێدا: بەڵێنیان دا ئەوە شەڕی کۆتایی بێت، واتە شەڕێک بێت بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو شەڕەکانی جیهان "war to end all wars". بە ئەگەری زۆر سەرکوتکردن و قەتڵ و عامی بێ وێنەی جیهانی نیشانی دا کە بە چ بەهایەکی قورس و گران دەیانەوێ ئیمپریالیزم ڕابگرن و

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ڕێکوپێکییەکی نوێی جیهانی وەڕێ بخەن کە لەسەر کۆڵەکەی قایمی ئازادی و ئاشتی بونیات نرابێ.

دوای ئەو، سەردەمی هیتلێر دەستی پێکرد، ١٩٣٠ و سەرەتای ١٩٤٠ەکان فاشیزم بۆ ماوەیەکی زۆر بەسەر بەشێکی گەورەی تۆپی زەویدا حاکم ببوو. هاوکات لەگەڵ سەردەمی چە گوارا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٧٠کاندا هەمیسان وێدەچوو کە لیبڕالیزم چرتەکانی کۆتایی خۆی تێپەڕ دەکا و داهاتوو نەسیبی کۆمۆنیستەکان دەبێ، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە کۆمۆنیستەکان بوون کە تێك شکان. بازاڕی ئابووری سەروەری خۆی بەسەر گولاك "Gulag"دا سەلماند. لەویش گرنگتر: ریوایەتی لیبڕالی بە وەرگرتنی باشترین ئیدەی ئیمپریالیزم، فاشیزم و کۆمۆنیزم، خۆی بەسەر هەرسێکیاندا زاڵ کرد. بە تایبەتی ئەزموونەکانی ئیدەی کۆمۆنیستی: "شان بە شانی چەمکی ئازادیی بۆ مرۆڤ، یەکسانی و بەرانبەریش بەهایەکی مەزنی هەیە" یارمەتییەکی مەزنی بە ڕەوایەتی لیبڕالی گەیاند. لە پلەی یەکەمدا مەبەستی گێڕاوەی لیبڕالی تەنیا ئازادی و ئیمتیاز دان بوو بۆ پیاوانی ماقووڵی ئورووپایی و وێدەچوو چاویان کوێر بێ و هەژاریی و نیازەکانی زۆربەی مرۆڤی چینی کرێکار، ژنان، کەمینەکان و هەموو ئەو مرۆڤانە بە چاو نەبینن. کاتێ خاوەن هێزەکانی داگیرکەری بریتانیای مەزن و فەرنسا لە ساڵی ١٩١٨ بە پەرێشانییەوە لەسەر ئازادیی دەدوان، بیریان لە ژێر دەستە چەوسێنەرەکانی خۆیان نەدەکردەوە. بەو شێوەیە بۆ وێنە لە پرۆسەی داواکردنی مافی سەربەخۆیی هیندییەکان ساڵی ١٩١٩ بە کارەسات و مرۆڤکوژیی ئامریتسار "Amritsar" وەڵامیان دانەوە و لەوێدا هێزی سوپایی ئینگلیزی سەدان مرۆڤی قەتڵی عام کرد کە ڕێپێوانی بێ چەك و ئاشتیخواز زیاتر نەبوون.

هەروەها لە شەڕی دووهەمی جیهانیشدا وڵاتە لیبڕالییە ڕۆژئاواییەکان جارێکیتر دژ بە مرۆڤی غەیری ڕۆژئاوایی، باوەڕ بە ئازادی و مافی مرۆڤیان لە ژێر پێ دانا و خۆیان تووشی تاوان کرد. بۆ وێنە کاتی وڵاتی نیدەرلەند(هولەند) ساڵی ١٩٤٥ دوای پێنج ساڵ ئەشکەنجەکێشان لەژێر

داگیرکاریی نازییەکانی ئاڵمان ڕزگارییان هات، لە یەکەم دەرفەتدا لەشکریکیان ساز کرد، ناردیان بۆ ئەوسەری دنیا بۆ ئەوەی کۆلۆنیی پێشوویان واتە ئیندۆنیزیا بگرنەوە. هاوکات لەگەڵ بەربەرەکانی هولەندییەکان لە ساڵی ١٩٤٠ بۆ مافی سەربەخۆیی خۆیان، دوای چوار ڕۆژ شەڕ، ملیان بۆ نازییەکان دانەواند، زیاتر لە چوار ساڵی ڕەش بەربەرەکانییان دژبە مافی سەربەخۆیی ئیندۆنیزیا کرد و بۆ وەرگرتنەوی کولۆنییەکەیان هەرچی لە دەستیان هات، کردیان. شتێکی سەیر نییە کە زۆربەی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهان دەستی یارمەتییان بۆ وڵاتە کۆمۆنیستییەکانی وەك رووسیا و چین درێژ دەکرد و کەمتر بڕوایان بە چەمکی ئازادیی ڕۆژئاواییەکان هەبوو.

بە پێی کات و بەرە بەرە، گێڕاوەی لیبڕالی پانتایی جوگرافیایی خۆی پان و بەرینتر دەکردەوە و لای کەم لە ڕوانگەی تێئۆرییەوە تۆوی ئازادیی و ئاشتی و ماڤی مرۆڤ بۆ هەموو جیهانی داچاند. هاوکات لەگەڵ گەورەبوونەوەی بازنەی ئازادیی، گێڕاوەی لیبڕالی هەستی بەوەش کرد کە پرۆگرامە سۆسیالیی - کۆمەڵایەتییەکانی سیستەمی کۆمۆنیستی گرنگایەتییەکی گەلێك زۆریان بۆ کۆمەڵگا هەیە. ئازادی بە تەنیا بایەخ و بەهای نابێ ئەگەر بە تۆڕێکی پارێزگاریی سوسیالییەوە نەلکێنرابێت. وڵاتە سۆسیال دێمۆکراتە دەوڵەمەندەکان دێمۆکراسییان لەگەڵ ماڤی مرۆڤ و خوێندەواریی بۆ مرۆڤی وڵاتەکەیان و لە کۆتاییدا لە ڕۆشنبیری گشتی و سیستەمی سلامەتی وڵاتەکەیان گری دا. تەنانەت وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەك ئەمریکاش هاتنە سەر ئەو قەناعەتەی کە بۆ ئاگاداری و پارێزگاریکردن لە ئازادی پێویستیان بە ڕێفۆرمی کۆمەڵایەتی هەیە.

سەرەتای ١٩٩٠ەکان سیاسەتوانان و فیلەسۆفەکان کۆتایی پێ هاتنی مێژوویان ڕاگەیاند و لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە زۆربەی پرسیارە ئاڵۆزەکانی بواری سیاسی و ئابووری پێشوویان وەڵام داوەتەوە و سیستەمی نوێژەنکراوی لیبڕالی بەهۆی دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ، بازاڕی ئازادی ئابووری و ڕێفۆرمی کۆمەڵایەتی، وەك تەنیا هەڵبژاردە و دەرەتانی سیستەمی ژیانی مرۆڤ خۆی سەلماندووە. ئەو سیستەمە

وێدەچێ لێهاتوویی هەبێ خۆی بەسەر هەموو جیهاندا بڵاو بکاتەوە، هەموو لەمپەرێکی لەسەر ڕێی خۆی لابردبێ، هەموو سنووره نێونەتەوەییەکانی بڕیبێ و جیهانی وەك یەکەیەکی یەکگرتوو لە دەوری خۆی کۆ کردبێتەوە.

بەڵام مێژووەکە نەگەیشتە کۆتایی و دوای سەردەمی "Erzherzog Franz Ferdinand"، سەردەمی هیتلێری و سەردەمی چە گوارا، ئینجا لە ناوەڕاستی قوڕو چڵپاوی سەردەمی ترامپ هەڵچەقین. ئەمجارەیان گێڕاوەی لیبڕالی وەك جاران ڕووبەڕووی ئیدیۆلۆژییەکی لەخۆیدا قەتیس کراوی وەك ئیمپریالیزم، فاشیزم یا کۆمۆنیزم نەببۆوە. سەردەمی ترامپ بە ڕاشکاوی گەلێك لە سیستەمەکانی پێشووی خۆی نیهیلیستی ترە.

بزووتنەوە مەزنەکانی سەدەی بیستەم هەر هەموویان خەونیکیان بۆ گشت وەچەی مرۆڤ لەسەردا بوو - جا حکوومەتداری جیهانی، شۆڕش یا ڕزگاریخوازی - دۆنالد ترامپ شتێکی لەو چەشنانەی لە بەرنامەکەیدا نییە. بە پێچەوانە: پەیامە سەرەکییەکەی دەڵێ، ئەوە ئەرکی وڵاتی ئەمریکا نییە خەونێکی گلۆبالی فۆرمووله بکا و وەدوای بکەوێ. تەنانەت برێکزیتی بریتانیاش پلانێکی ڕاستەقینەی بۆ داهاتووی وڵاتی پاشایی – داهاتووی ئوروپا و جیهان پێ نییە. زۆربەی ئەو مرۆڤانەی دەنگی خۆیان بە ترامپ یا برێکزیت داوە، بە تەواوی سیستەمی لیبڕالی ڕەد ناکەنەوە – ئەوان لە پلەی یەکەمدا تەنیا باوەڕیان بە گلۆبالیزم لە دەست دابوو. ئەوان هەر وەك پێشووش باوەڕیان بە دێمۆکراسی، بازاڕی ئازادی ئابووری، مافی مرۆڤ و بەرپرسایەتی بۆ کۆمەڵگا هەیە، بەڵام لەسەر ئەو بۆچوونەشن کە ئەو ئیدە جوانانە دەبێ سنووری خۆیان ڕاگرن. لە ڕاستیدا باوەڕیان بەوەیە، ئازادی و ئاسایش و دەوڵەمەندی کنتاکی "Kentucky" و یورکشایر "Yorkshire" ئەوکات ڕێگایەکی باشیان بۆ خۆڕاگریی لەبەر دەبێ، کە مرۆڤ سنوورێکیان بۆ دابنێ و لە هەنبەر مرۆڤی بیانی سیاسەتیکی لیبڕالی بەڕێوەبەرن.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

هێزی تامەزرۆی جیهانیی چین تەنیا ئاوێنەیەك لەخۆی نیشان دەدا: ئەو بەو شێوازە پارێزگاری لەخۆی دەکا، سیاسەتی ناوەوەی برێك لیبڕالیزە بکا، بەڵام لە هەنبەر جیهانی دەرەوە ڕوخسارێکی گەلێك ئازادانە لە خۆی نیشان بدا.

رووسیای دوبارە زیندوو کراوە، خۆی بە ڕەقیبێك بۆ جیهانی لێڕالی دەزانێ، بەڵام سەرەڕای بەهێزکردنەوەی دوبارەی هێزە نیزامییەکەی، لە ڕوانگەی ئیدیۆلۆژییەوە نابووت بووە. ویلادیمیر پووتین لە رووسیایە بەڵام هاوکاتیش لای زۆربەی بزووتنەوە ڕاستەکان یاخود ڕاستە پۆپۆلیستەکان بەتایبەت لە ئورووپا بێ گومان کەسێکی خۆشەویستە، بەڵام جیهانبینییەکی ئەوتۆی نییە کە لای بێکارانی ئیسپانیایی، مرۆڤی ناڕازیی برازیلی یا قوتابیانی زانستگەی کامبریج بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاتراکتیڤ و سەرنجڕاکێش بنوێنێ.

رووسیا مودێلیکی یەدەکی بۆ ئازادیی دێمۆکراتی بە دەستەوەیە، بەڵام ئەو مودێلە ئیدیۆلۆژییەکی قایمی سیاسی لە پشت نییە. زیاتر وەك کردەوەیەکی سیاسییە کە چەند زنجیرەی ئۆلیگارشی "oligarchs" وەك بەشێکی گەورەی سامان و هێزی وڵاتەکەی داگیر کردووە و لە کۆتاییدا بۆ کۆنترۆلکردنی، لە مێدیاکان کەڵك وەردەگرێ بۆ ئەوەی چالاکییەکانیانی پێ بشارێتەوە و حکوومەتەکەی پێ قایم کا. دێمۆکراسی پشت ئەستوورە بە گوتەکەی ئیبراهام لینکۆلن کە گوتی: "دەکرێ، هەموو مرۆڤەکان بۆ ماوەیەك و تاقمێك مرۆڤ بۆ هەموو کاتێك، بەڵام هیچکات ناکرێ هەموو مرۆڤەکان بۆ هەموو کاتێك بە شێت دابنرێن." حکوومەتێك کە گەندەڵی هەبێ و نەتوانێ ژیانی مرۆڤی ناو کۆمەڵگاکەی باشتر بکا، کاتێك دادێت کە تاقمێك مرۆڤ هەستی پێ بکەن و حکوومەتێکیتری لە جێ دابنێن. بەڵام کونترۆلی بەردەوامی حکوومەتی لەسەر مێدیاکان لۆژیکی ئیبراهام لینکۆلن لە گۆڕ دەنێت، چونکە مێدیاکان وەك لەمپەرێك پێش بە ئاگاداربوونەوەی مرۆڤی ناو کۆمەڵگا بۆ زانینی ڕاستییەکان دەگرن. بەڵام بەهۆی لەمپەر دروستکردن لە لایەن مێدیاکانەوە بەردەوام

www.rojhalat.de / www.bokan.de

کاره ناحەزەکانی خۆیان بۆ لایەنەکانیتر ڕەوانە دەکەن و کەسانیتر بە تاوانکار دادەنێن.

ئەگەر مرۆڤ لەژێر سیستەمێکی ئەوتۆی ئۆلیگارشی دا ژیان بکا بەردەوام قەیران و کێشە دروست دەکرێ کە وەپێش پلانی ماندووکەری وەك پارێزگاریی سلامەتی یا پیس کردنی ژینگە دەکەون. ئەگەر نەتەوەیەك لە لایەن هێرشکاریی بیانییەوە هەڕەشەی شەیتانیی لێ بکرێ، کێ کاتی ئەوەی دەبێ بیر لە نەخۆشخانەی قەلاپەچنکراوە لە نەخۆش و ڕووبار و ئاوی ژەهراوی بکاتەوە؟ بە دروستکردنی کێشە و قەیرانی ناوخۆوە دەتوانن تەمەنی ڕژیمی گەندەڵی خۆیان درێژە پێبدەن.

لەوانەیە ئەو مودێلە "ئۆلیگارشی"یە لە کردەوەدا درێژە بە ژیانی خۆی بدا، بەلام لەڕاستیدا کەس تامەزرۆیی بۆ ئەو چەشنە مودێلە نییە. جیاواز لە ئیدیۆلۆژییەکانیتر کە خەونەکەیان بە شانازییەوە باس دەکەن، حاکمانی ئۆلیگارشی شانازی بە کردەوەکانیانەوە ناکەن و بە مەیلەوە وەك ماسکێك لە ئیدیۆلۆژییەکانیتر کەڵك وەردەگرن. بەو شێوەیە رووسیا وا پیشان دەدا کە دێمۆکراسی تێدا هەبێ، و ویلادیمیر پووتین لەسەر ئەو باوەڕەیە پابەندی بەهاکانی ناسیۆنالیزمی ڕووسی و ئورتۆدۆکسی مەسیحیە نەك هی ئۆلیگارشی. زێدەڕۆیانی ڕاستی فەرنسا و بریتانیای مەزن ڕەنگە هیواداری پشتیوانیی رووسیا لەخۆیان بن و چەپڵە بۆ پووتین لێ بدەن، بەلام تەنانەت ئەو مرۆڤانەی دەنگی خۆیانیان پێ دەدەن نایانەوێ لە ولاتیکدا بژین کە چەشنی رووسیا بێ – واتە ولاتێك پڕ لە گەندەڵی، هەولێکی گەلێك لاواز بۆ ئاسایشی خەڵکی یاخود نەبوونی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی، نەبوونی ماڤی دادپەروەریی و نابەرانبەرییەکی زاڵمانە. بە پێی تاقمێك لە کەسایەتییەکانی ئەو ولاتە ڕووسیا وەك ولاتی نابەرانبەری یەکەمی جیهان ناسراوە، لەوێ ٨٧ لە سەدی سامانی ولاتەکە بەسەر ١٠ لەسەدی مرۆڤدا دابەشکراوە. چەند لایەنگری چینی کرێکار لە فەرنسا یا ئینگلیز حازرن ڕووسیا وەك نموونەیەکی ژیان بۆ ولاتی خۆیان هەڵبژێرن؟ مرۆڤەکان بە قاچ دەنگی خۆیان پێ دەدەن.

نموونەیەکیتر کە لەوێشدا مرۆڤەکان بە قاچ دەنگی خۆیانی پێ دەدەن لە پەیوەندیی لەگەڵ "ئیسلامی گلۆبال" دایە. ئەو کەسانە تامەزرۆییان بۆی هەیە کە لە داوێنی ئەودا لە دایك بووبن. ڕەنگە ئەو ئایینە تاقمێك لە سووریا، عێراق و ڕەنگە گەنجانی بێگانە تەنانەت لە ئاڵمان وئینگلیزیش بگرێتەوە، بەڵام جێی باوەڕ نییە و زۆر بە دژواری مرۆڤ دەتوانی لێی تێ بگا کە لە یۆنان و باشووری ئەفریقا - کانادا یا کورەی باشوور — مرۆڤ لەسەر ئارەزووی خۆیان بۆ ئەوەی کێشەکانی ژیانیانی پێ چارە بکەن، خۆیان بە سیستەمی خەلافەتی گلۆبالییەوە بچەسپێنن. لە بەرانبەر هەر گەنجێکی موسوڵمان لە ئاڵمان یا وڵاتە ڕۆژئاواییەکانەوە سەفەر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکا بۆ ئەوەی لەژێر حکوومەتی ئایینی دا بژی، سەدان گەنجی موسوڵمانی ئەو ناوچانە بە مەیلەوە ڕێگا پێچەوانەکەی هەڵدەبژێرن و دەیانەوێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بژین.

دەکرێ ئەو باوەڕە لە مرۆڤدا پێك بێت کە بازنەی متمانەپێکردنی ئەمڕۆیی لە سیستەمەکانی پێشووی خۆی کەمتری گرنگایەتی هەیە. هەر مرۆڤێکی لیبڕال کە بەهۆی ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو دوودڵی تێدا پێك هاتووە، تەنیا دەبێ وەبیر خۆی بێنێتەوە تا چ ڕادەیەك بارودۆخەکە خراپتر لە ساڵانی ١٩١٨، ١٩٣٨ یا ١٩٦٨بۆتەوە. سەرەڕای ئەوانەش مرۆڤی ئەم جیهانە نایهەوێ سیستەمی لیبڕالی لەدەست بدا چونکە ئالترناتیڤێکیتری نییە. ڕەنگە مرۆڤ بە تەواوی چاوپۆشی لە گلۆبال بوونی جیهان جا هەر شێوازێکی هەبێ، بکا و لەجیاتی ئەو ڕیگا بۆ ناو گرووپە ناسیۆنالیستەکانی ناوخۆیی وڵاتان یاخود گێڕاوە ئایینییەکان خۆش بکرێ. لە سەدەی بیستەمدا بزووتنەو ناسیۆنالیستییەکان فاکتەرێکی گرنگی سیاسی بوون، بەڵام بەهۆی نەبوونی خەونێکی گشتی بۆ داهاتووی جیهان هیچ شتێکیان بۆ خەڵکی پێ نەبوو جیا لە خۆ خەریککردنەوە بە دابەشکردنی تۆپی زەوی بەسەر وڵاتانی ناسیۆنالیستی سەربەخۆدا. بەو شێوەیە ناسیۆنالیستەکانی وڵاتی ئیندۆنێزی دژ بە داگیرکەرانی هولەندی لە شەڕ دابوون، ناسیۆنالیستەکانی ڤیەتنام داوای ڤیەتنامێکی ئازادیان دەکرد، بەڵام بە گشت هیچ گێڕاوەیەکی

ئیندۆنێزی یا ڤیەتنامیی بۆ جیهانیان بەدەستەوە نەبوو. کاتێ بەهۆی تێپەڕبوونی کات ڕوون بۆوە ئیندۆنێزی یا ڤیەتنام و هەموو ئەو وڵات و نەتەوە ئازادانەی تری جیهان لە چ پەیوەندایەتییەکدا جێیان گرتووە و هەروەها چلۆن مرۆڤ لە هەنبەر کێشەی گلۆبالی وەك مەترسی شەڕی ئەتۆمی هەڵس و کەوت بکا، تاقمێکیان خۆیان بۆ لای لیبڕالەکان باداوە و هەندێکیشیان خۆیان لەگەڵ وڵاتە کۆمۆنیستییەکان ڕێك خست. بەڵام ئەگەر لەمڕۆدا لیبڕالیزم و کۆمۆنیزم بێ ئیعتبار کراون، ئەوکات ڕەنگە دەبێ مرۆڤەکان دەست لەو بۆچوونەیان هەڵگرن کە لە ڕاستیدا گێڕاوەیەکی گلۆبالی بوونی ببێت؟ ئایا هەموویان - تەنانەت کومۆنیستەکانیش - بەرهەمی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی نەبوون؟ بۆچی دەبوو گوند نشینێکی ڤیەتنامی باوەڕ بە مارکس و ئینگلس بێنن و متمانەیان پێ بکەن؟ ڕەنگە باشتر وابوو هەر وڵاتێك مرۆڤێکی متمانەپێکراوی خۆی بوایە کە لە داب و نەریتی خۆی نیزیك بایە. یاخود باشتر دەبوو بۆ ماوەیەك زلهێزانی ڕۆژئاوایی خۆیان لەو وڵاتانە کێشابایە دواوە و دەست لە حکوومەتکردن بەسەر جیهاندا هەڵگرن و لەجیاتی ئەو کارە، خۆیان بە کێشەی وڵاتی خۆیانەوە خەریك بکەن.

ئەوە ئەو پرۆسەیەیە کە ڕەنگە ئێستا لە حاڵی بەڕێوەچووندایە: دوای تێکڕووخانی لیبڕالیزم فەزایەکی ئازاد پێکهاتووە کە بەرە بەرە بیرۆکە و خەونە کۆنەکانی ڕابردوو(نۆستالژیك) زیندوو دەکرێنەوە. دۆنالد ترامپ دوای لێکدابڕان و بەتەنیامانەوەی سیاسەتی ئەمریکا، بەڵێنی داوە دووبارە ئەمریکا "great" گەورە دەکاتەوە. بۆچوونەکەی وا دەنوێنێ کە گۆیا ئەمریکا لە ساڵانی پێشوو واتە ١٩٨٠ کان یا ١٩٥٠ کاندا کۆمەڵگایایەکی کامیل و تەواو بووە، کە ئەو دەیهەوێ لە سەدەی بیست و یەکەمدا بە شێوەیەك هەمیسان سازی بکاتەوە. لایەنگرانی برێکزیت خەونی ئەوە دەبینن بریتانیای مەزن بکەنە هێزێکی سەربەخۆ و وای نیشان دەدەن کە لە سەردەمی شاژن ویکتۆریا "splendid isolation" ستراتێژییەکی جیددیان بۆ سەردەمی ئینتێرنێت و گەرمبوونەوەی کەش و هەوای جیهانی هەبووە.

هەوڵی خەونی "نۆستالژیك"ی هاوچەشنیش بە تێکەڵاوییەك لە داب و نەریتی ئایینی و ناسیۆنالیزم، وەك ڕژیمەکانی هیند، لەهستان(پۆلۆنیا)، تورکیا و گەلێک وڵاتیتر دەدرێ. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوین ئیسلامیستەکان ئەو چەشنە خەونانە بە سیستەمێکەوە دەبینن کە لە سەردەمی محمەد ١٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە شاری مەدینە بونیات نرابوو. هاوکاتیش مرۆڤی زێدەرۆی جوولەکە لە ئیسڕائیل خەونی ئەوە دەبینن بگەڕێنەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستای کتێبی تەوڕات.

نوخبە واتە ئیلیتەکانی لیبڕالی بە ترس و لەرزەوە سەیری ئەو چەشنە پەرەسەندنانە دەکەن و هیوادارن مرۆڤی جیهان لە کاتی خۆیدا بۆ پێشگری لە کارەساتەکان، ڕێگای خۆیان بۆ لای لیبڕالەکان بدۆزنەوە. سەرکۆماری ئەمریکا ئۆباما لە یەك لە لێدوانەکانی دواییندا مانگی سپتامبری ساڵی ٢٠١٦ ڕوو بە گوێدێران دەڵێ:

*"خۆ بۆ جیهانێك دەگەڕێننەوە، جیهانێك، لایەنەکان لەسەر کێشە و قەیرانەکانیان لە بەرانبەر یەکتردا ڕاوەستاون و بە ناچار بۆ لای کێشە لە گۆڕ نراوە کۆنەکانی نێوان نەتەوەکان، خەڵکەکان، ڕەچەڵەکەکان و ئایینەکانیان دەبا."*

ئۆباما دەڵێ لەجیاتی ئەوکارە:

*"پرەنسیپی بازاڕی ئازادی ئابووری و بەرپرسایەتیی دەوڵەتی بۆ دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەیی ... باشترین پایەی سەرەکین بۆ پێشکەوتوویی مرۆڤی جیهان لەم سەدەیەدا".*

بە حەق ئۆباما ئاماژەی بەوەش کرد کە سیستەمی لیبڕالی سەرەڕای چەندین ناتەواوی، کاردانەوەی پۆزیتیڤی گەلێك باشتری بووە لە ئاڵترناتیڤەکانیتر. زۆربەی مرۆڤەکان لە سەدەی بیست ویەکەمدا چێژی ئازادی و ئاسایشیان لە ژێر سیستەمی لیبڕالی چێشتتوە کە لە هیچ سەردەمیکیتردا بەو شێوەیە نەبووە. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا مرۆڤ کەمتر بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشییەکانەوە دەمرن هەتا بەهۆی پیری،

مرۆڤ کەمتر بەهۆی برسییەتییەوە دەمرن هەتا بەهۆی چەوریی زیادی، و هەروەها بەهۆی شەڕخوازییەوە مرۆڤیکی کەمتر گیانیان لە دەست دەدەن هەتا بەهۆی خۆلێك دانی ئوتومبیل.

بەڵام لیبرالیزم هیچ وەڵامێکی ئاشکرای بۆ کێشە گەورەکانی کۆمەڵگا پێ نییە، ئەو کێشانەی لەسەر ڕێگامان قوت بوونەوە: تێکڕووخانی ئێکۆلۆژی واتە ژینگە و کێشەی پێکهاتوو بەهۆی تێکنۆلۆژییەوە. لیبرالیزم بە شێوەی نەریتی متمانەی بە گەورەبوونەوە و هەڵمسانی بارودۆخی ئابووری هەیە، کە وەك سیحر و جادوو کێشە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ چارە بکا. لیبرالیزم ئاشتی لە نیوان چینی پرۆلتاریا و بورژوازی، ئایینی و ئاتێئیست، خەڵکی نیشتەجێ و مرۆڤی کۆچەر و قورنەی ئورووپا لەگەڵ قورنەی ئاسیا پێك هێناوە. بەڵام گەشەکردنی ئابووری ناتوانی کێشەی گلۆبالی ژینگە چارەسەر بکا - بە پێچەوانە خۆی هۆکارە بۆ درووستکردنی ئەو کێشەیە. هەروەها گەشەکردنی ئابووری ناتوانی کێشەی پێکهاتوو بەهۆی تێکنۆلۆژییەوە چارە بکا - چونکە ئەو خۆی جەخت لەسەر دۆزراوە و گەشەکردنی هەرچی زۆرتری دەکات.

گێڕاوەی لیبرالی و مەنتقی بازاڕی ئابووری ئازاد مرۆڤ هان دەدەن بۆ چاوەڕوانی هەرچی زیاتر. کۆتایی سەدەی بیستەم هەلێکی پڕ چێژ بوو بۆ هەر مرۆڤێك - جا لە هۆستۆن، شانگهای، ئەستەمول یا سائۆ پائۆلۆ - لە ڕوانگەی ڕاهێنان، ڕۆشنبیری، بەرنامەی باشتری سلامەتی و مووچەی زیاتری مانگانە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جیلەکانی پێشوومان.

ئێمەی مرۆڤ ئەرکێکی گەڵێك گرنگمان لەسەر ڕێیە و ئەویش پێکهێنانی گێڕاوەیەکی نوێیە بۆ هەموو جیهان. هەر وەك چلۆن وەرچەرخانەکانی شۆڕشی پێشەسازیی ئیدیۆلۆژی نوێی بۆ سەدەی بیستم خوڵقاند، شۆڕشەکانی داهاتووی بیۆتێکنۆلۆژی و تێکنۆلۆژی زانستی بە ئەگەری زۆر خەونی نوێ دەخوڵقێنن. دەیەی ڕابردوو دەتوانێ بەهۆی فۆرموولەکردنی مودێلی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێوە خۆی دەستنیشان

بکا. بڵێی لیبڕالیزمیش نەتوانێ جارێکیتر هەر وەك لە ساڵەکانی ١٩٣٠ و ١٩٦٠ ئەنجامیدا، خۆی نوێژەن بکاتەوە و تامەزرۆتر لە هەموو کاتێك لەسەر پێی خۆی بوەستێتەوە؟ ئایا ئایینیەکان و ناسیۆنالیستەکان دەتوانن وەڵامی کێشەکانمان بدەنەوە؟ یاخود کاتی ئەوە گەیوە بە چاوپۆشیکردن لە سەردەمی پێشوو گێڕاوەیەکی تەواو نوێ بخوڵقێنین کە نەك هەر وەسەر نەتەوە و خوداکان بکەوێ، بەڵکوو وەسەر دەسکەوتە بایەخدارە نوێیەکانی وەك ئازادی و بەرانبەریش بکەوێ؟

لە حاڵی حازردا جیهان زۆر لەوە دوورترە کە بتوانێ بۆ ئەو پرسیارانە چارەیەك بدۆزێتەو. ئێمە ئەمڕۆ لە بارودۆخێکداین کە باوەڕمان بە گێڕاوکانی پێشوومان نەماوە و هیچ گێڕاوەیەکی نوێشمان بۆ داهاتوو بەدەستەوە نییە. کە وابوو چ دەتوانین بکەین؟ یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە مرۆڤ پێشبینی نەرێنی نەکا و لە بارودۆخی ترس و خۆفەوە خۆی بخاتە سەر حاڵەتی شك و گومان. "خۆف" فۆرمێکە لە سەرقاڵکردن. خۆف کردن بە هەستێکی نارەزایەتی دەست پێدەکا، هەستێك کە مرۆڤ بە ووردی دەزانێ ڕێگای جیهان بەرەو کوێ هیدایەت دەکرێ – واتە بەرەو توونا بوون. شك کردن بێ قێزترە و لەبەر ئەوە شەفافتریشە. ئەگەر ئێوە ناچار بکرێن لەسەر شەقامێك بە ڕاکردن و دەنگی بەرز هاواری "کۆتایی کات نزیك بۆتەوە!" بکەن، هەوڵ دەدەن بەخۆتانی بقەبووڵێنن:

"نا، ئەوە وا نییە، ڕاستەقینەکەی ئەوەیە کە من تێناگەم چی لەسەر ئەم هەردە دەگوزەرێت."

لە بەشەکانی داهاتووی ئەم نووسراوەیەدا هەوڵ دەدەین چەند لە ئەگەرە سەرلێ شێوێنە نوێیەکان شەفافتر بخەینە بەر چاوی خوێنەر و نیشانی بدەین بۆ هەڵبژاردن کام ڕێگا باشترە. بەڵام پێش ئەوەی بتوانین ڕێگا چارە بۆ بارودۆخی پڕ لە گێچەڵ و پڕ لە ژانەسەری جیهان بدۆزینەوە، دەبێ ئیمەی مرۆڤ بە ووردی تێ بگەین تێکنۆلۆژی چ ڕۆڵێکی گرنگ لە جیهاندا دەگێڕێ. شۆڕشەکانی تیکنۆلۆژی زانستی و بیۆتێکنۆلۆژی هێشتا هەر کاڵ و نەگەییون و باسیان لەسەرە و پلەی کارتێکەرییان

لەسەر قەیرانی ئەمرۆیی لیبڕالیزم نادیارە. زۆربەی مرۆڤی جیهان کارتێکەری بلیمەتیی چێکراوی دەستی مرۆڤیان بۆ ڕوون نییە و ناتوانن تەخمینی ئەوە بکەن کە لە داهاتوودا چ ڕۆڵێکی ماڵوێرانکەری دەتوانی هەبێ. شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە لە چەند دەیەی داهاتوودا بلیمەتی چێکراو و شۆڕشی تێکنۆلۆژی مکانیزم و دینامێك بەدەستەوە دەگرن و مرۆڤ لە تاقیکارییەکی دژوار دەخەن کە تا ئەمرۆ بە چاو نەیانبینیوە. هەر گێڕاوە و ڕیوایەتێك کە بیەوێ گوێڕایەڵیی مرۆڤی بۆ بدۆزێتەوە، لە پێش هەمووشتێکدا دەبێ لێهاتووییەکەی بەوە بپێورێت کە تا چ ڕادەیەك دەتوانێ لە تیکنۆلۆژی زانستی و بیۆتێکنۆلۆژی تێ بگا و کەڵکی لێ وەرگرێ. ئەگەر لیبڕالیزم، ناسیۆنالیزم، ئیسلام یا هەر ئیدیۆلۆژییەکی نوێی تر بیانەوێ جیهانی داهاتوو بۆ وێنە ساڵی ٢٠٥٠ لەژێر کونترۆلی خۆیاندا بگرن و نوێنەرایەتی بکەن، نەك هەر دەبێ چەمکی وەك بلیمەتیی چێکراو، داتای مەزنی ئۆلگاریتم و بیۆتێکنۆلۆژی ڕوون بکەنەوە، بەڵکوو دەبێ بتوانن لەگەڵ داهاتووی نوێی ئەم جیهانە گرێی بدەن و بە شێوەیەکی عاقڵانە کەڵکیان لی وەرگرن.

## ئەركی دووهەم: "كار"

### ئەگەر وەختی كارت هاتبێ، ڕەنگە كارت وەگیر نەكەوێ

ئێمە نازانین بازاڕی كاری لە ساڵی ٢٠٥٠ دا چلۆن دەبێ. بە شێوازێكی گشتی، مرۆڤ گومانی ئەوە دەكات كە لێهاتوویی ماشێنی ئوتۆماتیک و ڕۆبۆت (هێزی چێكراوی دەستی مرۆڤ) گۆڕانكاری بەسەر هەموو كار و پێشەیەكدا دێنن، جا لە بەرهەمهێنانی ماست و ماكەی خۆاردەمەنییەوە هەتا فێركاریی یۆگا و یاریی شەترەنج. بۆچوونی جیاواز لەسەر چەشن و كاتی بەڕێوەچوونی گۆڕانكارییەكان هەن. تاقمێك لەسەر ئەو بۆچوونەن كە بە درێژایی دوو دەیەی داهاتوو بە ملیار مرۆڤ بێكار دەكرێن و دەبنە سەرباری كۆمەڵگا. ئەوانیتر لەسەر ئەو بڕوایەن تەنانەت بۆ كاتێكی درێژخایەنیش، گۆڕانكاریی تێكنۆلۆژی و ئوتوماتیكی گەڵێك كاری نوێ و ئاسوودەیی و دەوڵەمەندی بۆ مرۆڤ بەدیاری دێنێت.

كەوابوو لە دەور و لێواری شۆڕشێكی سامناك دا ڕاوەستاوین، یاخود ئەو چەشنە پێشبینی كردنانە نموونەیەكیترن بۆ تۆفانێكی مێژوویی ماشێنیی كە هیچ بناغە و بنەمایەكی نییە؟ ئەوە بڕیارێكی گەلێك دژوارە. ترس لە پەرەسەندنی ئوتۆماتیك و بێكاركردنی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم و تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە خۆی بە ڕاست وەرگێڕێت. لە سەرەتای شۆڕشی پێشەسازییەوە هەر شوێنی كارێك كە بە هۆی ئوتوماتیك یاخود ڕۆبۆت ەوە جێی مرۆڤی گرتۆتەوە، لای كەم كارێكی نوێش لە پەنای دۆزراوەتەوە و شوێنە كارە لەدەستچووەكەی بۆ مرۆڤ قەرەبوو كردۆتەوە و ژیانی ستانداردی مامناوەندی مرۆڤی بەرز كردۆتەوە. هاوكاتیش بەڵگەی زۆر هەن كە ئەمجارەیان پرۆسەكە بە شێوەیەكیتر بەڕێوە دەچێ.

مرۆڤ دوو چەشن لێهاتوویی هەیە. یەکەم لێهاتوویی جەستەیی و دووهەم لێهاتوویی ناسیاوی یاخود ئەو لیهاتووییەی پەیوەندی بە بیرکردنەوە، ناسین و هەستپێکردنەوە هەیە. لە ڕابردوودا ماشێن و مرۆڤ بە گشتی کێبەرکێیان لەسەر لێهاتوویی جەستەیی دەکرد و هاوکاتیش لەسەر لێهاتوویی ناسیاوی و بیرکردنەوە مرۆڤ جێگایەکی گەلێك بەرزی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هێزی ماشێن دابوو. کاتێ ئەو سەردەمە بەتایبەت لە بواری کاری وەرزێری و پێشەسازی، هێزی کاریی جەستەیی مرۆڤ لە لایەن ماشێنەوە پڕکرایەوە، بۆ بەڕێوەبردن و کونتڕۆلیان کار و پێشەی نوێ پێکهاتن کە پێویستیان بە لێهاتوویی بیرکردنەوە و بەرنامە داڕشتن هەبوو کە تەنیا لە لایەن مرۆڤەوە دەکرا بەڕێوە بچن: فێرکاریی، ئانالیزەکردن و شی کردنەوە، پەیوەندایەتی و بەتایبەت تێگەیشتوویی و سۆزداریی مرۆڤ. بەڵام بلیمەتی چێکراو بەرە بەرە لە هەموو ئەو بوارانەدا وەپێش مرۆڤ کەوتووە و تەنانەت لە بواری تێگەیشتوویی و سۆزداریش مەودایەکی ئەوتۆی لەگەڵ مرۆڤ نییە. بەڵام تا ئێستا لێهاتووییەکی سێهەم ناناسین – لە پەنا لێهاتوویی جەستەیی و لیهاتوویی ناسیاوی کە مرۆڤ بتوانێ هێشتا وەك سەروەرێك کونتڕۆلی ماشێنی چێکراوی دەستی خۆی بکا.

ئێمە دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە شۆڕشی بلیمەتی چێکراو تەنیا پەیوەندی بە کامپیۆترەوە نییە، کە بەردەوام گورجتر و ژیرتر دەبێتەوە. ئەو شۆڕش یاخود هێزە نوێیە بەتایبەت لە بواری زانستی زیندەوەر ناسی و کۆمەڵایەتیشدا خۆی بڵاو دەکاتەوە. هەرچەند ئێمە ووردتر لە میکانیزمی زانستی بیۆکیمیایی تێ بگەین کە کۆتایی بە هەستی سۆزداریی مرۆڤ، ئارەزووەکانی و بڕیاردانەکانی دێنێ، بەو ڕادەیەش کامپیۆترەکان دەتوانن هەڵس و کەوتی ئینسانی شی بکەنەوە، بڕیارەکانی مرۆڤ پێشبینی بکەن و جێگای شۆفیرەکان، فەرمانبەری بانکەکان و دادپەروەرەکان پڕ بکەنەوە.

لە چەند دەیەی ڕابردووەوە تاقیکارییەکان لە بواری زانستی دەماریی و هەڵس و کەوتی ئابووری، بارودۆخێکی پێك هێناوە مرۆڤ "هاك" بکەن

و بەتایبەت زۆر باشی لێ تێ بگەن کە چلۆن بڕیارەکانیان جێ بەجێ دەکەن. بەو شێوەیەی ڕوون بۆتەوە، لە هەموو بوارەکانیتریشدا جا لە خواردنەوە هەتا هاوسەرگیری، نەك هەر کارتێکەرییان لەسەر ویستی ئازادی گوماناوی و نهێنی مرۆڤ هەیە، بەڵکوو بڕیاری ملیاردان خانەی دەماریی کە لە بەشێکی گەلێك بچووکی چرکەی کاتیدا حیساب دەکرێ و بەڕێوەدەچێ، دەخەنە ژێر کونترۆلی خۆیان. بەسەرداهەڵگوتنی "هەست پێکردنی ئینسانی" لە ڕاستیدا تەنیا "نموونە یاخود مودێلێکی ئینسانییە". شۆفیرێکی باش، فەرمانبەرێکی بانك و وەکیلێك هەستی سیحراوییان بۆ کاروباری ترافیك، سەرمایەگوزاری یا بڕیاری دادپەروەرانە نییە – زیاتر لەسەر دووپاتبوونەوەی ئولگووی ڕووداوی ڕۆژانەی وەك بێ فیکریی ڕێبواری سەر شەقامەکان، قەرز وەرگرتنی نەگونجاو و فێڵ بازی و دەستبڕی بێ شەرمی مرۆڤ بڕیار دەدرێ. هەروەها وەك ڕوون بۆتەوە، ئالگاریتمی بیۆکیمیایی مێشکی مرۆڤ تەواو و کامیل نییە. ئەوان بۆ بڕیاردان خۆیان بە یاساکانەوە هەڵاوەسیوە، و شتێکی سەیر و سەمەرە نییە کە شۆفیرێکی باش، فەرمانبەرێکی بانك و وەکیلێك هەڵە بکەن. ئەوە بەو مانایەیە کە بلیمەتی چێکراو تەنانەت بۆ ئەو هەڵس و کەوتە ئینسانیانەی پێویستیان بە هەستپێکردنیشەوە هەیە، دەتوانن وەپێش مرۆڤ بکەونەوە. ئەگەر ئێوە لەسەر ئەو بۆچوونەن بلیمەتی چێکراو بەربەرەکانی لەسەر زانینی سەیر و نهێنی ڕۆحی مرۆڤ دەکات – ئەودەم ڕەنگە وەك شتێکی نەگونجاو بنوێنێت. بەڵام کاتێ بلیمەتی چێکراو لە بواری حیسابی ئیحتمالی و ناسینی ئولگووی دووپاتکراوی ڕووداوەکان لەهەنبەر تۆڕی دەماریی مرۆڤ بەربەرەکانی دەکا – ئەوکات خۆی زۆر بوێرانەتر دەنوێنێت.

بەتایبەت بلیمەتی چێکراو دەتوانێ لە بواری کاریدا کە ڕەنگە حاڵەتی سۆزداری و ئیمپاتی تێدا بێ، زۆر باشتر لە مرۆڤ بڕیار بدا. لە زۆربەی بوارەکانی کاریی – سەیارەیەك لە نێوان شەقامێکی پڕ لە خەڵکدا هیدایەت بکرێ، قەرزدانی پارە بە مرۆڤی بێگانە و بەستنی پەیمانێکی ئابووری، پێویستیان بە لێهاتوویيەك هەیە کە تێیدا ئارەزوو و هەستی

سۆزداریی مرۆڤەکانیتر لەبەر چاو بگیرێت. منداڵێك بە پەلە لەسەر شەقامێك ڕادەکا؟ ئەو پیاوە دەیەوێ جزمی پارەی کەسێك بدزێ و ڕا بکات؟ ئایا هەڕەشەی پارێزەرەکە جیددیە یاخود تەنیا مەبەستی ترساندنە؟ تا ئەو جێگایەی مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە بێ ئەو چەشنە هەڵس و کەوتە سۆزدارییانە لە ڕۆحی نەبینراوەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڕاشکاوی کامپیۆتر هەرگیز ناتوانێ جێگای شوفیری سەیارە، فەرمانبەری بانك یا پارێزەرێک بگرێتەوە. چونکە چلۆن کامپیۆترێك دەتوانی لە ڕۆحی خوداپێداوی مرۆڤ تێ بگا؟ بەڵام ئەگەر لە ڕاستیدا ئەو هەستە سۆزدارییانەی مرۆڤ شتێك زیاتر لە پرۆسەی ئالگاریتمی بیۆکیمیایی ناو مێشك نین، هیچ لەمپەرێك نییە ڕێگا بگرێ و بڵێ بۆچی کامپیۆتر نەتوانی زۆر باشتر لە مرۆڤی هۆمۆساپیەنس ئەو کارانە بەڕێوە بەرێت؟

شۆفیرێك کە هەست بە مەبەستی ڕێبوارێك دەکا، فەرمانبەرێکی بانك کە متمانەی قەرز وەرگرتنی مشتەرییەکی بانك هەڵدەسەنگێنێ و پارێزەرێک کە لەسەر میزی وتووێژ بارودۆخەکە بەراورد دەکا و بڕیار لەسەر تاواندان یاخود ڕزگاربوونی مرۆڤێک دەدا، هێزێکی سیحراوییان پێ نییە. زیاتر بە بێ ئیرادەی خۆیان، مێشکیان بەهۆی نموونەی دووپاتکراوی ڕووداوەکان و هۆرمۆنەکانی بیۆکیمیایی، هەست بە هەڵس و کەوتەکانی مرۆڤ لە ڕووی حاڵەتی نێوچاوان، بارودۆخی کاتیی، جووڵانەوەی دەست و ئەندامانی لەش و تەنانەت بۆنی لەشیان دەکا. بڵیمەتێکی چێکراو کە تەیار بە "زێنزۆر" واتە ئەندامی هەستپێکردنی ئەلکترۆنی زۆر باشن، دەتوانن گەلێك باشتر لە مرۆڤ هەست بە تەواوی ئەو هەڵس و کەوتانە بکەن.

لەو ڕوانگەیەوە خەساری پێشەیی بە تەنیا بەهۆی بەرزبوونەوەی تێکنۆلۆژی زانیارییەوە نییە بەڵکوو زیاتر ئەزموونی کۆی وەڕێکەوتنی سێڵاوی تێکنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێکنۆلۆژییە. ڕێگای دەست بەسەرداگرتنی بازاڕی کاری لە لایەن بڵیمەتی چێکراوەوە ڕەنگە دوور و سەخت و لە تاقەت نەهاتوو بێ، بەڵام لە چەند دەیەی داهاتوودا مرۆڤ دەتوانێ چاوەڕوانی لێ بکا. ئەو زانیارییانەی پسپۆرانی مێشك ئەمڕۆ

لەسەر ئامیگدال و مێشکی بچووك دەیزانن دەتوانێ تا ساڵی ٢٠٥٠ جێی ڕەوانناس و پارێزەرانی کەسی مرۆڤیش بگرێتەوە.

بلیمەتی چێکراو تەنیا ئەرکیان ئەوە نییە مرۆڤ "هاك" بکەن و لێهاتووییەکانی پێشووی بەڕێوە بەرن بەڵکوو ئەوان بەو هۆیەی لەسەر ئالگاریتم کار دەکەن و هەستی سۆزداریی مرۆڤ لەبەر چاو ناگرن، هەست بە جیاوازیی نێوان کرێکار و بلیمەتی چێکراو ناکەن. دوو لێهاتوویی گەلێك تایبەتی بلیمەتی چێکراو کە مرۆڤ لێی بێ بەشە "پێکەوەگرێدان یاخود لکاندنی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر" و "لێهاتوویی نوێکردنەوەی زانیاریی مرۆڤ"ن.

چونکە مرۆڤ بوونەوەرانێکی جیا لە یەکترن، ناتوانرێ یاخود زۆر ئەستەم دەکرێ بەیەکترەوە بلکێندرێن و پێکەوە و هاوکات هەڵس و کەوتی وەك یەکیان هەبێ. بە پێچەوانەی مرۆڤ، کامپیۆتر جیاواز لەیەکتر نین و دەکرێ زۆر بە ساکاری لە تۆڕێکی هاوبەشدا بەیەکەوە بلکێندرێن. کە وابوو لێرەدا مەبەست لەسەر جێ دانانی ملیۆنان هێزی کاریی مرۆڤ بەهۆی ملیۆنان کامپیۆتر و ڕۆبۆتەوە نییە بەڵکوو زیاتر گرتنەوەی جێگای مرۆڤی جیاواز لەیەکترە لە لایەن تۆڕێکی کامپیۆترییەوە. ئەگەر مرۆڤ بیر لە ئوتۆماتیك کردن بکاتەوە کارێکی هەڵەیە ئەگەر لێهاتوویی مرۆڤێکی شۆفیری سەیارە لەگەڵ کامپیوترێکی لێخوڕی ئوتۆماتیکیی سەیارە یا لێهاتوویی دوکتورێك لەگەڵ بلیمەتێکی کامپیۆتری - دوکتور کە کاری دوکتوری بەڕێوەدەبا، هەڵبسەنگێنین. زیاتر دەبێ ئیمە کۆی لێهاتوویی و زانیاریی مرۆڤەکانی بوارێك لەگەڵ شەبەکەیەکی کامپیۆتری هەڵسەنگێنین.

بۆ وێنە زۆربەی شۆفیری سەیارەکان ئاگایان لە بەردەوام گۆڕانی یاساکانی لێخوڕینی سەیارە و شەقامەکان نییە و زۆر جار هەڵە دەکەن و سنووری یاساکان دەشکێنن. لەبەرئەوەی بۆ وێنە لە دەوری مەیدانێك هەرکام لە شۆفیرەکان بە بێ ئەوەی ئاگاداری بریاری یەکتر بن خۆیان جووڵە دەکەن، دەتوانێ ئەگەری لێکدانی دوو سەیارە بەرزبێتەوە. بە

پێچەوانە ئەو سەیارانەی بە تێکنیکی کامپیۆتری و بە بێ شوفیر لەڕێدان، هەموویان بەهۆی تۆڕێکی ئینترنێتی پیکەوە لکێندراون و ئاگایان لە بڕیاری یەکتر هەیە. ئەگەر دوو سەیارەی کامپیۆتری لە هەمان مەیدان لێك نیزیك ببنەوە، دوو شۆفیری جیاواز نین کە هەرکامیان بڕیاری خۆیان بدەن، بەڵکوو بەشێك لە سیستەمی ئالگاریتمی هاوبەشن. شانسی هەرەسهێنانی پەیوەندایەتی نێوانیان و لێکدانیان بە ڕادەیەکی گەلێك زۆر کەمترە لە هی مرۆڤ. هەروەها کاتێ یاسایەکی نوێی لێخوڕینی سەیارە لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە دەرچێ، لە کاتێکی کەمداهەموو سەیارە کامپیۆتریەکان لە ڕیگای تۆڕی ئینتێرنێتییەوە بە بی کێشە زانیارییەکەیان نوێ دەکرێتەوە.

بە هەمان شێواز ئەو کارە دەکری لە بواری سڵامەتیشدا بەڕیوە بچێ: ئەگەر لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە نەخۆشییەکی نوێ بدۆزرێتەوە یا لە تاقیگایەك دەرمانیکی نوێ دروست بکرێ، بەهیچ شێوازێك ناکرێ هاوکات هەموو دوکتۆرێکی شوێنەکانی ئەم هەردە ئاگادار بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر لەجیاتی ئەو دوکتورانە چەندین ملیارد دوکتوری بلیمەتی کامپیۆتری لە جیهان دابنرێن کە هەرکامیان بەرپرس بۆ سڵامەتی تاقمێك لە مرۆڤی سەر زەوی بن، دەکرێ بەهۆی تۆڕی ئینتێرنیتیەوە لە چرکەیەکدا هەموویان لە زانیاریی نوێی تەندروستی ئاگادار بکرێنەوە. ئەو دوو لێهاتووییەی بلیمەتی کامپیۆتری واتە "پێکەوە گرێدان یاخود لکاندنیان لەگەڵ یەکتر" و "لێهاتوویی نوێکردنەوەی زانیاریی" هێندە گرنگن کە لە زۆربەی بوارەکاندا دەتوانن بڕیاردەری سەرەکی بن بۆ ڕووداوەکان.

ڕەنگە ئێستا مرۆڤ نارەزایەتی لەخۆی نیشان بدا کە گۆستنەوە یاخود خستنە دەستی هەڵس و کەوتی مرۆڤ بۆ کامپیۆتر ئیمتیازی کەسیی مرۆڤ توونا دەکا. بۆ وێنە کاتێ دوکتورێکی مرۆڤ، ناسینەوەیەکی هەڵە لەسەر نەخۆشەکەی بکا، هەموو نەخۆشێکی هاوچەشنی ئەو نەخۆشییە لە جیهاندا ناکووژێ و لەمپەر لەسەر ڕێگای دۆزینەوەی دەرمانی نوێ دانانێ. بەڵام لە بەرابەریدا کاتێ هەموو دوکتوێکی چێکراو لە لایەن

تۆڕێکی وەك یەکەوە هیدایەت بکرێن، لە ئەگەری هەڵەکردنی سیستەمەکە دەتوانێ ئەزموونەکەی کارەساتێك پێك بێنێ. بەڵام لە ڕاستیدا سیستەمێکی کامپیۆتری دەتوانی چەندین ئالترناتیوی ئالگاریتمی لەبەر دەست مرۆڤ دابنێ کە بتوانێ بۆ متمانەکردن، نەخۆشییەکەی لە گەڵ چەندین ناسینەوەیتری کامپیۆتری هەڵسەنگێنێ.

کەڵك وەرگرتنی کۆمەڵگای مرۆڤ لە سیستەمێکی ئەوتۆ دەتوانێ ڕوانگەی ئەرێیی خۆیشی هەبێت. بڵیمەتی چێکراوی دوکتور دەتوانن هاوکات سیستەمێکی تەندروستیی گەلێك هەرزانتر و باشتر لەبەر دەستی ملیاردان مرۆڤ دابنێن بەتایبەت لەو ناوچانەی وا تا ئێستا دەستیان بە دوکتور ڕانەگەییشتووە. سپاس بۆ سیستەمێکی ئالگاریتمی ژیر و "زێنزۆر" واتە ئەندامی هەستپێکردنی ئەلکترۆنی بیۆکیمیایی، دەتوانن مرۆڤی گوندی هەژاری وڵاتێکی دوور بەهۆی تەلەفۆنی مۆبایلەوە زانیاریی و ڕێنوێنی گەلێك بەکەڵك لەسەر تەندروستی خۆیان وەدەست بێنن.

بە شێوەیەکی هاوچەشن سەیارەی کامپیۆتری دەتوانن بارودۆخێکی گەلێك باشتر و گونجاوتر بۆ هات و چۆی مرۆڤ پێك بێنن و پێش بە کوشتنی هەزاران مرۆڤ بگرن کە ڕۆژانە بەهۆی هەڵەی مرۆڤەوە لەسەر شەقامەکان گیانی خۆیان بەخت دەکەن. لەمڕۆدا لە جیهان نیزیکەی ١،٢٥ ملیۆن کەس لە ساڵدا بەهۆی لێکدانی سەیارەکانەوە گیانی خۆیان بەخت دەکەن.(دوو جار زیاتر لە کۆی شەڕەکان، جینایەت و تیرۆر لە جیهاندا بە سەریەکەوە). زیاتر لە ٩٠ لەسەدی ئەو پیکدادانانە بەهۆی هەڵەی مرۆڤەوە پێك دێن – کەسێك ئەڵکۆڵی خواردۆتەوە، لە کاتی لێخوڕیندا خەریکی تەلەفون یا کارێکیترن، کەسێك لە پشت فەرمان خەوی لێ کەوتووە یا کەسێك لە خەیاڵکردندایە، لە جیاتی ئەوەی چاوی لەسەر شەقامەکان بێ. بە پێی هەواڵێکی بەرپرسانی کار و باری هات و چۆی وڵاتی ئەمریکا ساڵی ٢٠١٢، ٣١ لە سەدی لیکدانی سەیارەکان لە ئوتوبان بەهۆی خواردنەوەی ئەڵکۆڵ، ٣٠ لە سەدیان بەهۆی وەپێشکەوتنی خێرا لە سەیارەکانیتر و ٢١ لە سەدی ئەو لێکدانانە لە کاتی

لێخوڕیندا خەریکی تەلەفۆن یا کارێکیتر بوون، پیکهاتووە. سەیارەی کامپیۆتری هەرگیز هەڵەی وا ناکەن. دیارە ئەوانیش سنوور و هەڵەی خۆیان هەیە بەڵام ئەگەر کامپیۆتر جێی مرۆڤ بگرێتەوە دەتوانێ تا ۹۰ لە سەدی هەڵەی مرۆڤ ڕاست بکاتەوە. بە واتایەکیتر: بە گۆستنەوەی جێی کامپیۆتر و مرۆڤ لەسەر شەقامەکان دەتوانین پێش بە مردنی زیاتر لە یەك ملیۆن کەس لە ساڵدا بگرین. کارێکی گەلێك سەرشێتانە دەبێ ئەگەر مرۆڤ بۆ ڕاگرتنی چەند جێگای کاریی، پێش بە ئوتۆماتیك کردنی کەرەسە نۆێیەکان لە بواری هات و چۆ و تەندروستی بگرێ. چونکە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ لەدەست دانی چەند شوێنی کاریی، لای کەم ئەرکێکی گەلێك گرنگترە پارێزگاریی لە تەندروستی مرۆڤ بکەین.

## موتزارتی[١] چێکراو

لای کەم بە شێوەی کورت خایەن نەگونجاو دەبێت بلیمەتی چێکراو و رۆباتیك (هێزی کاریی چێکراو) بتوانن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هێزی کاریی مرۆڤ توونا بکەن و شوێنیان بگرنەوە. پێشە یاخود ئەو شوێنە کارییانەی پێویستیان بە لیهاتوویی تایبەتیی نییە دەکرێ بە شێوازی ئوتوماتیکی بەڕێوە بچن. بەڵام لە بەرانبەریدا بە ڕاشکاوی ئەستەمە بکرێ کاری ئالۆز و چەند لایەنەی مرۆڤ لە لایەن هێزی کاریی چێکراوەوە بگیرێتەوە. بۆ وێنە بەڕێوەبردنی سیستەم یاخود خزمەتگوزاریی سلامەتی. زۆربەی دوکتورەکان خۆیان بە کەڵك وەرگرتن لە زانیارییەوە خەریك دەکەن: زانیاریی پزیشکی کۆ دەکەنەوە، شییان دەکەنەوە و ناسینەوەی لەسەر دەکەن. لە لایەکیتریشەوە یاریدەدەری نەخۆش یا پەرستارەکان پێویستیان بە لێهاتوویی زۆر باشی هات و چۆی جەستەیی و سۆزدارییەوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانن دەرزی لە نەخۆشێك بدەن کە متمانەیان پێ دەکەن یا برینێکی بە ئێش و ئازار سارێژ بکەن. وێدەچێ بلیمەتێکی چێکراوی دوکتور بە دەیان ساڵیتر تەنیا لەسەر تەلەفۆنە مۆبایلەکەمان بمێننەوە و بە ئەگەری زۆر بوونی پەرستارێکی رۆبۆت لە پەنا نەخۆشەکان مەودایەکی گەلێك زۆری کاتیی لەگەڵ کۆمەڵگای ئەمرۆ هەیە. بواری خزمەتگوزاریی مرۆڤ و یارمەتیدەر – کە خۆیان بە نەخۆش، منداڵ و خەڵکانی بە تەمەنەوە خەریك دەکەن، بە ئەگەری زۆر ماوەیەکی گەلێك زۆر لەسەر سەکۆی ژیانی مرۆڤ دەهێڵرێنەوە و ناتوانرێ لە لایەن هێزی چێکراوەوە جێگایان بگیرێتەوە. بەو هۆیەی تەمەنی مرۆڤ بەردەوام زۆرتر دەبێت و کەمتر منداڵ لە دایك دەبن، دەتوانرێ خزمەتکردن بە مرۆڤی پیر لە داهاتوودا یەك لە چالاکترین و بەبرەوترین پێشەکان بۆ مرۆڤی لێ بێ.

---

[١] کۆمپۆنیست و مۆسیقا زانی بە ناوبانگ

www.rojhalat.de / www.bokan.de

وێدەچێ جیا لە بواری خزمەتگوزاری، زۆر ئەستەم بکرێ پێش بە خولْقێنەری ئوتوماتیکی یاخود هێز و بلْیمەتی چێکراوی دەستی مرۆڤ بگیرێ. ئێمە ئیتر پێویستیمان بە مرۆڤ نابێ بۆ کڕینی گۆرانی و مۆسیقا – ڕاستەوخۆ بەهۆی پرۆگرامی ئایتیوونز ستۆرەوە "iTunes Store" دایاندەگرین – بەڵام کۆمپۆنیست، مۆسیقا زان و گۆرانیبێژەکان هەر لە گۆشت و خوێن دەمێننەوە. ئێمە متمانە بە خولْقێنەریەکەیان دەکەین کە نەك هەر چەشنە مۆسیقایەکی نوێ پێك بێنن، بەڵکوو لەناو چێشتێکی مجێوری دروستکراو لە مۆسیقای جیاواز بتوانین هەوای دلْخوازی خۆمانی لێ هەڵبژێرین.

هاوکاتیش لە ڕوانگەی درێژخایەنەوە ناکرێ هیچ پێشەیەك گارانتی بکرێ کە لە لایەن بلْیمەتی چێکراوەوە جێگای نەگیرتەوە. لە دنیای مودێرندا هونەر وەك خوو و خدەیەکی ئاسایی لەگەڵ سۆزداریی مرۆڤ جۆشی خواردووە. ئێمە سەر بۆ ئەو قەبووڵکردنە دادەنەوێنین کە هونەرمەندان هێزی ڕۆحی و دەروونی لەگەڵ کارەکەیان لە یەکتر گرێ دەدەن، هەروەها مەبەستی سەرەکی هونەر ئەوەیە کە ئێمە خۆمان لەگەڵ هەستی سۆزداریمان گرێ بدەین و هەستێکی نوێ لەخۆمان نیشان بدەین. ئەگەر باسەکە ئەوە بێ، پێوانی هونەر بکرێ، ئێمە بە مەیل و خۆشحالییەوە بۆ کارتێکەریی لەسە خەڵک، هەڵسەنگاندنی لەسەر دەکەین. بەڵام ئەگەر مرۆڤ هونەر لە سەرووی سۆزداریی مرۆڤەوە دابنێ، چی دێتە پێشەوە ئەگەر ئالگاریتم لە بارودۆخێکدا بێ کە بتوانێ سۆزداریی مرۆڤ باشتر لە شێکسپیر "Shakespeare"، فریدا کاهلوو "Frida Kahlo" یا بیانسە "Beyoncé" لێ تێبگا و مانیپۆلیرەی بکا؟

سەرەڕای ئەوەش سۆزداریی دیاردەیەکی نهێنی نییە – ئەوە تەنیا ئەزموونی پرۆسەی کیمیایی جەستەی مرۆڤە. هەر بۆیە لە داهاتوویەکی نەك زۆر دووردا کەرەسەیەکی فێرکەری ئالگاریتمی بە هۆی لیکدانەوەی بیۆمێتریك کە لە لایەن ئەندامی هەستپێکەری چێکراوەوە (سێنسەرەکان) لە بارودۆخی جەستەی مرۆڤ تێ دەگەن، تایبەتمەندییەکانی ئێمە دیاری

www.rojhalat.de / www.bokan.de

دەکەن و بە پێوانی ئەندازیاریی، گۆرانی یاخود دەنگێکی تایبەت دەخوولْقێنن کە کارتێکەرییەکی سۆزدارانەی لەسەرمان هەبێ.

بە ئەگەری زۆر لە هەموو چەشنێکی هونەردا مۆسیقا بەتایبەت بۆ لێکۆڵینەوەی داتا مەزنەکان سەرنجڕاکێشە چونکە هەم لە ڕوانگەی وەرگرتن و هەم دەربڕینەوە، دەکرێ بەهۆی زانستی بیرکارییەوە دیاری و حیساب بکرێن. وەرگرتنی مۆسیقا فۆرمێکی بیرکاریی لە شەپۆلی دەنگەکان و دەربڕین، نیشانە یاخود هەڵس و کەوتێکی ئەلکترۆکیمیایین کە تۆفانی ڕۆحیی لە مرۆڤدا پێك دێنن. ڕەنگە لە ماوەی کەمتر لە چەند دەیەدا ئالگاریتم کە ملیۆنان ئەزموونی جیهانی مۆسیقای تێدا کۆدەبێتەوە، بتوانێ پێشبینی فێرکاریی بکا و بزانێ کام وەرگرتن دەبێتە هۆی دەربڕینی سۆزی مرۆڤ.

وای دابنێین کە ئێوە کێشە و دەمەتەقەیەکی گەلێك جیدیتان لەگەڵ دۆستی کوڕ یا دۆستی کێژەکەتان هەبێ. ئەو ئالگاریتمەی بەر پرس بۆ سیستەمی دەنگ و کەرەسەی مۆسیقای ناو ماڵی ئێوەیە و ناسیاوی لەسەر هەستی سۆزداریی دەروونی ئێوە هەیە، لەسەر ئەو ناسیاوییە گۆڕانییەکی پڕ بە پێست بۆ ئەو بارودۆخەی ئێوە بڵاو دەکاتەوە. دیارە ئەو مۆسیقا تایبەتییە بۆ مرۆڤێتر بە تایبەتمەندی دیکەوە نەگونجاو دەبێت، بەڵام بۆ ئێوە ئارامکەرەوەیەکی ڕۆحیی تەواوە. دوای ئەوەی ئالگاریتمەکە توانیبێتی یارمەتی ئێوە بدا و بە شێوازێکی قووڵ چووبێتە ناو هەستی نیگەرانی و خەمخواریی ئێوەوە، بە بڵاوکردنەوەی ئاهەنگەکە کە لەگەڵ بارودۆخ یاخود بیرەوەرییەکی سەردەمی منداڵیتان گرێ دراوە، ئێوە دەخاتە بارودۆخێکی تەواو نوێوە. هیچ مرۆڤێکی "DJ"[٢] ناتوانێ لەگەڵ هێزێکی چێکراوی ئەوتۆ خۆڕاگری بکا.

ئەگەری کێشەی تر ئەوەیە کە ڕوون نییە چلۆن ئالگاریتمەکە مەبەستی سۆزداریی دەست نیشان دەکا. ئەگەر ئێوە ئێستا کێشەتان لەگەڵ

---

[٢] DJ بەو مرۆڤە دەگوترێ کە لە جەژن و کۆبوونەوەی سەمای بەکۆمەڵدا گۆرانی پڕ بە پێست بۆ کۆمەڵەکە بڵاو دەکاتەوە.

دۆستەکەتان لێ پەیدا بووە، ئالگاریتمەکە چلۆن بەرنامەی بۆدانراوە کە بتوانی بزانێ حاڵەتی رۆحی ئێوە لەو بارودۆخەدا خەمبارتر یاخود خۆشحاڵتر بکا؟ ئایا دەبێ تەنیا خۆی بەهۆی پێوانەیەکی مامناوەندی لەسەر هەستی باش و خراپی ئێوە کە لە خۆیدا پاشەکەوتی کردووە، بڕیار بدا؟ ڕەنگە لە ژیانتاندا کاتی وا بووبێ کە بە هۆی خەمخواری و هەڵواسین بە سۆزەوە هەستی خۆتان باشتر دەربڕیبێ؟ دیارە پرسیارێکی هاوچەشن دەکرێ لە مرۆڤێکی "DJ"ش بکرێ. بەڵام بۆ ئەو پەرجۆیە ئالگاریتمی چێکراو چەندین ڕێگاچارەی دۆزیوەتەوە.

یەك لەو ڕێگاچارانە ئەوەیە کە ئەو هەڵس و کەوتانە بە خودی مرۆڤ بسپێردرێ. ئێوە خۆتان دەتوانن بڕیار لەسەر چەشنی سۆزدارییەکەتان بەو شێوەیە بدەن کە خۆتان پێتان باش بێ و بە دڵنیاییەوە ئالگاریتمەکەش سەداسەد وەك کۆیلەیەك وەدوای ئارەزووی ئێوە دەکەوێ. یاخود ڕەنگە لە داهاتوودا ئالگاریتم بتوانێ هەست بە ئارەزووەکانی ئێوە بکا بە بێ ئەوەی بۆتان دیاری کردبێ.

هەنگاوی دواتر بۆ ئالگاریتم ئەوە دەبێ کە مۆسیقا و گۆرانییەکان لەسەر ئارەزووی ئێوە بگۆڕێ و بتوانی وایان لێ بکا کە هەستی ئێوە بجووڵێنێتەوە. ئەوان دەشتوانن ئەو بەشانەی هەستی سۆزداریی ئێوە دەجووڵێننەوە پەرە پێبدەن و ئەو بەشانەی تامەزرۆییتان بۆیان نییە بشواتەوە.

لە ماوەیەکی درێژخایەندا ئالگاریتمەکان دەتوانن فێر بن چلۆن مێلۆدی یا ئاهەنگێك بخوڵقێنن، کە بتوانێ کارتێکەری لەسەر هەستی سۆزداریی مرۆڤەکان دابنێ. بە یارمەتی تایبەتمەندیی یاخود داتا و زانیاریی کۆکراوە سەبارەت بە ئێوە، ئالگاریتمەکان دەتوانن تەنانەت مێلۆدی و ئاهەنگی تایبەت بە کەسەکان بخوڵقێنن کە تەنیا لەسەر ئارەزووی خۆیان پێکهاتبێ.

دەگوترێ بۆیە مرۆڤ هۆگریی بۆ هونەر هەیە، چونکە خۆی تێدا دەدۆزێتەوە. ئەو کارە دەتوانێ بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئاکامی

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ناخۆشی لێ بکەوێتەوە ئەگەر بۆ وێنە – بڵێین – فەیسبووك دەست بەوە دەکا بەهۆی زانیارییەکانی کۆکراو لەسەر کەسەکە هونەری تاکەکەسی بخوڵقێنێ. ئەگەر زانیاریی کۆکراو لەسەر بە تەنیا مانەوە یاخود جیابوونەوەی دۆست و هەڤاڵەکانی لەگەڵ کەسەکە بێ، فەیس بووك بە بڵاوکردنەوە یا دروستکردنی ئاهەنگیکی تایبەت هەوڵی دڵدانەوەی کەسەکە دەدات.

لەوانەیە وابێ کە هونەری تایبەتی کەسیی هەرگیز پێك نەیە، چونکە بە ئەگەری زۆر مرۆڤ دەیهەوێ ئاهەنگی جیاواز لە هی خۆی گوێ لێ بێ، ئاهەنگێك کە هەمووکەسێکیتریش پێیان خۆش بێ. لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا و بۆ سەمای گشتی دەبێ ئاهەنگێك لیبدرێت کە بتوانێ مرۆڤەکان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە و هەموویان پێکەوە چێژی لێ ببینن. ئایا ئەو کارانە کێشە بۆ هونەر دروست دەکەن؟ ئەو کارە بەوەوە بەستراوەتەوە کە مرۆڤ چلۆن لە هونەر تێ بگا و چۆنی مانا بکاتەوە. ئەگەر لە ڕاستیدا بە هۆی هونەرەوە جوانیی لە گوێی بیسەراندا جێ بگرێ و لەسەر ئەو مۆتۆ(نیشانە)یەش کە لە بازاڕی ئابووریدا حەق هەمیشە بە مشتەرییە، ئەگەری پێکهاتنی ئالگاریتمی ئەوتۆ لە داهاتوودا شانسی پێ دەدرێ باشترین هونەری مێژوویی بخوڵقێنێ.

ئەگەر هونەر بە دیاردەیەکی قووڵتر لە هەستی سۆزداری مرۆڤ مانا بکرێتەوە و ڕاستییەك لە لەرینەوەی بیۆکیمیایی مرۆڤ وەجووڵە بخا، ئەوکات ڕەنگە ئالگاریتمی بیۆمێتریك بە هونەرمەندێکی تایبەتی دانەندرێ. بەڵام ئەو هەڵس و کەوتە بۆ زۆربەی مرۆڤی هونەرمەندیش بە هەمان شێوازە. بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ ڕێگایەك لە بازاڕی مۆسیقادا بدۆزرێتەوە و جێگای ژمارێك مرۆڤی کۆمپۆنیست و خوڵقێنەر بگرێتەوە، ئالگاریتم ناچار نین باشتر لە چایکۆڤسکی بن، ڕەنگە تەنیا بەس بێت ئەگەر وەپێش برێتنی سپیرز "Britney Spears" بکەون.

## پێشەی نوێ

لە دەست دانی کارە سونەتییەکان لە زۆربەی بوارەکاندا، جا لە کاری هونەرییەوە هەتا خزمەتگوزاریی سلامەتی لای کەم بەشێکی زۆریان بەهۆی پیکهاتنی پێشەی نوێ بۆ مرۆڤ قەرەبوو دەکرێنەوە. دوکتۆرانی ئاسایی واتە عموومی، کە لە یەکەم پلەدا نەخۆشییە ناسراوەکان دیاری دەکەن و دەرمانی ئاسایی لەبەر دەستی نەخۆشەکان دادەنێن و ڕێنوینی یان دەکەن، بە ئەگەری زۆر لە لایەن دوکتۆری چێکراوی کامپیۆتری جێیان پڕ دەکرێتەوە. هەر بەو هۆیەشەوە دەبێ پارەیەکی گەلێك زۆر تەرخان بکرێ بۆ دوکتۆر و ئەو کەسانەی لە تاقیگاکان بۆ دۆزینەوەی دەرمانی نوێ بە گشتی خۆیان بە کاری سلامەتیی مرۆڤەوە خەریك کردووە.

بلیمەتی چێکراویش لە پەنایانەوە دەتوانن یارمەتیدەر بۆ پیکهێنانی کاری نوێ بن. بە جێی ئەویکە لەهەنبەر یەکتردا کێبەرکێ بکەن، مرۆڤ دەتوانێ لە بلیمەتی چێکراو و لە یارمەتییەکانیان وەك خزمەتگوزارییەك کەلکی لێ وەر بگرن. بۆ وێنە کەلك وەرگرتن لە بلیمەتی چێکراو بۆ هیدایەتی فڕۆکەکان، لە لایەن دڕۆنەکانەوە، ڕەنگە لە سەرەتاوە شوێنی کاری مرۆڤ بگرنەوە، بەلام گەلێك کاری نوێ وەك کونترۆڵ لە ڕێگای دوورەوە، کونترۆلی کەرەسە و چاککردنەوەیان، ئانالیزەکردنی کاری کامپیۆتری و ئەمنییەتی سایبێری دەخولقێنێ کە مرۆڤیکی زۆر بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکا. هێزی نیزامی ئەمریکا بۆ ناردنی کەرەسەی دڕۆنە لە تیپی "Predator یا Reaper" بۆ کونترۆڵکردنی ئاسمانی سوریا پێویستی بە ٣٠ کەس هەیە، بەلام بۆ ئانالیزیرەکردنی ئەو زانیارییانەی دڕۆنەکە دەینێرێ، پێویستیان بە ٨٠ کەس هەیە. بۆ وێنە ساڵی ٢٠١٥ بەهۆی کەمبوونی مرۆڤی تایبەت و کارناس بۆ ئانالیزەکردنی زانیاریی هێزی ئەمنی ئەمریکا کێشەیەکی مەزنیان بۆ کۆنترۆلی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هەبوو.

لەو ڕوانگەیەوە ڕەنگە بتوانێ بازاڕی کاریی ساڵی ٢٠٥٠ لە داهاتوودا بەهۆی هاوکاری نێوان مرۆڤ و بڵیمەتی چێکراو، و نەك بەهۆی کێبەرکێی نێوانیان، دیاری بکرێ و مرۆڤ بتوانێ کەڵکی باشتری لێ وەرگرێ. لە بوارەکانی وەك خزمەتگوزاریی کاری پۆلیسی و ئەمنییەوە هەتا کاری بانکیی دەتوانرێ گرووپی پیکهاتوو لە مرۆڤ و بڵیمەتی چێکراو یا مرۆڤ و کامپیۆتر بێنە کایەوە. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٧ پڕۆگرامی شەترنج بە ناوی "Deep Blue" لە قارەمانی جیهانی ئەو سەردەمە واتە کاسپارۆڤ "Garri Kasparow"ی بردەوە، مرۆڤ دەستی لە یاریکردنی شەترەنج هەڵ نەگرتووە. زیاتر بەهۆی کەڵکلێوەرگرتن لە بڵیمەتی چێکراو هێندەیتر باشتر و چالاکتر درێژەیان بە یاری شەترەنج داوە. هاوچەشن دەتوانێ بڵیمەتی چێکراو یارمەتیدەر بێ بۆ هاندانی باشترین کارمەندی بانکی، سەرباز، پشکینەر و هەر بوارێکی کاریی تر.

بەڵام کێشەی سەرەکی بۆ هەموو ئەو کارە نوێ یانە ئەوەیە کە پیویستیان بە زانیاری تایبەتیی و بەرز هەیە و ڕەنگە بەهۆی مرۆڤی ئاسایی بێکار، نەتوانرێ کێشەی بێکاری چارە بکرێ. کارێ نوێ بۆ مرۆڤ دۆزینەوە هاسانتر دەبێ لەویکە مرۆڤی بێکار بۆ ئەو کارە نوێیانە ڕابهێندرێن. لە شەپۆلی ئۆتۆماتیك کردنی سەردەمی پێشوودا دەکرا مرۆڤی ئاسایی خۆیان لەگەڵ بارودۆخی نوێدا باشتر و هاسانتر ڕێك خەن. ساڵی ١٩٢٠ کرێکارێکی وەرزێر کە بەهۆی هاتنی کەرەسی نوێی کەشاوەرزی بیکار ببوو، دەیتوانی کارێکی نوی لە کارخانەکاندا بدۆزێتەوە. ساڵی ١٩٨٠ کرێکارێکی بیکاری کارخانە دەیتوانی بەهۆی دورەیەکی کورتی ڕاهێنان لە لایەن ئیدارەی کارەوە، وەك سندووقدار لە سوپێرمارکتێکی ئاسایی کار بدۆزێتەوە. ساڵی ٢٠٥٠ سندووقدار یا کرێکاری کارخانە کە کارەکەی بەهۆی ڕۆبۆتەوە لە دەست دەدا، ناتوانی لە بارودۆخێکدابێ وەك پشکێنەری شێرپەنجە، فرۆکەوانی کونترۆڵی درۆنە یا وەك بەشێك لە کاری هاوبەشی نێوان مرۆڤ و بڵیمەتی چێکراو کاری بانکی یا هەر کارێکی ئاڵۆزیتر بدۆزێتەوە. لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا لە ڕوانگەی ئەو سەردەمەوە ڕەنگە کارێکی شیاو بووبێ ملیۆنان

www.rojhalat.de / www.bokan.de

مرۆڤی ئاسایی و ڕانەهێنراوی نیزامی بۆ مەیدانی شەڕ بنێردرێن و بە کەڵکوەرگرتن لە چەك و نارنجۆك ببنە هۆی کوشتنی مرۆڤێکی زۆر. لێرەدا لێهاتوویی تاکەکەسییان هیچ ڕۆڵێکی لەو کارەیاندا نەگێڕاوە. بەڵام لەمڕۆدا هێزی هەوایی ئەمریکا بە بێ مرۆڤی ڕاهێنراوی ئانالیزەکەری زانیاری و بە بێ فرۆکەوانی کونتڕۆڵچی برۆنە، ناتوانن شەڕی هەوایی بەڕێوەبەرن.

سەرەڕای پێکهاتنی گەلێك کاری نوێی بۆ مرۆڤ، لە داهاتوودا لەگەڵ شەپۆلێکی بیکاریی نوێ واتە مرۆڤی "بێ کەڵك" ڕووبەڕوو دەبینەوە. لەڕاستیدا لە لایەکەوە بێکاری یەخەمان پێدەگرێ و لەو لاشەوە کەمبوونی مرۆڤی کارزان کێشەمان بۆ دروست دەکا. مرۆڤێکی سندووقداری ٤٠ ساڵەی بیکار، کە بەهۆی پشتکاریی خۆی توانیویە کاری کونتڕۆڵی برۆنە پەیدا بکا، دوای دەساڵێتر بەهۆی ئوتۆماتیزەکردنی کونتڕۆڵی بڕۆنە هەمیسان بێکار دەبێتەوە و دەبێ بیر لە ڕاهێنانی خۆی بۆ کارێکی نوێ بکاتەوە. ڕەنگە ئەو ڕاژاندن و گۆڕانانە ببنە هۆی پیکهاتنی یاسا و مافی کرێکاریی نوێ و کارەکەیان بۆ گاڕانتی بکەن. بەڵام چلۆن دەکرێ کارێك گاڕانتی بکرێ، کە بە ئەگەری زۆر دوای دە ساڵ بێ کەڵك دەکرێتەوە؟

سەیرکردنیکی وورد لەسەر کاری هاوبەشی مرۆڤ و کامپیۆتر لە بواری یاری شەترەنج ڕەنگە ئەو یارمەتییە بکا کە بۆ ماوەی دێژخایەن بلیمەتی چێکراو بەرو چ لایەنێك دەڕوا. دیارە ڕاستە دوای سەرکەوتوویی کامپێتیۆتر بەسەر کاسپارۆڤدا کاری هاوبەشی نێوان مرۆڤ و کامپێۆتر ڕوانگە و کەیفییەتێکیتری پێدراوە و بەڕادەیەکی زۆر گەشەی سەندووە. بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا کامپیۆتر لە یاری شەترەنجدا بەڕادەیەك وەپێش مرۆڤ کەوتووە کە ئیتر یاریکەری مرۆڤ لە داهاتوودا بی کەڵك ماونەتەوە و ناتوانن کێبەرکێ لەهەنبەر کامپیۆتردا بکەن. هەواڵیکی گرنگی مانگی دسامبری ساڵی ٢٠١٧ ئەوە نەبوو کە کامپیۆتر یاری شەترەنجی لە مرۆڤی بردۆتەوە، چونکە ئەو کارە زۆر شتێکی سەیر و گرنگ نەدەبوو، بەڵکوو بەرنامەی "AlphaZero"ی شەترەنجی

گووگل له بەرنامەی "Stockfish ٨" كه ساڵی ٢٠١٦ له سەرووی هەموو پرۆگرامەكانەوە بوو، بردەوە. ئەو پرۆگرامە دەتوانێ له چركەیەكدا ٧٠ ملیۆن هەنگاوی یاری شەترەنج تەخمین بكا. بەرنامەی "Stockfish ٨" تەنیا دەتوانێ تا ٨٠ هەزار هەنگاو تەخمین بكا. ڕەنگە بتانەوێ بزانن "AlphaZero" بۆ فێربوونی یاری شەترەنج چ ماوەیەكی پێویست بووە؟ ٤ كاتژمێر. نا، ئەوە هەڵەی چاپ نییە، تەنیا چوار كاتژمێر پێویست بووە كە "AlphaZero" بتوانی له بنەڕەتەوە یاری شەترەنج فێر بێ و له چركەیەكدا ٧٠ ملیۆن هەنگاوی یارییەكە بخوێنێتەوە و تەخمین بكا.

پیكهینانی كاری نوێ و ڕاهێنانی مرۆڤ بۆ ئەو پێشەیە بە ڕاشكاویی بە هەنگاوێك كۆتایی پێ نایە و بەردەوام دووپات دەكرێتەوە. شۆڕشی بلیمەتی چێكراو بە بەشێكی كلاسیكی كاریی تەواویی نایە كە بتوانی هاوسەنگی ئیدارەی كار هەمیسان ڕاگرێتەوە. ئێمە لە داهاتوودا سەر و كارمان لەگەڵ كارەساتی گەلێك پڕ كێشەتر دەبێ. تەنانەت لەمرۆشدا هیچ كرێكارێك دڵنیا نییە تا سەردەمی خانەنشینبوونی سەری تەنیا بە كارێكەیەوە خەریك بێ. تا ئەو كاتەی خەریكی نووسینی ئەو بابەتەم واتە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨ ، هێشتا بلیمەتی چێكراو سەرڕای گرتنەوەی كاری زۆربەی كرێكاران، نەبۆتە هۆی بیكارییەكی ئەوها كە كارەساتی لێ پێك بێ. لە زۆربەی وڵاتانی وەك ئەمریكا، پلەی بێكاری تەنانەت كەمتریش بۆتەوە. كەس ناتوانی بە دڵنیاییەوە بڵێی بلیمەتی چێكراو چ كارتێكەرییەكی لەسەر كارە ڕەنگاورەنگەكانی مرۆڤ دەبێ، هەروەها لە ڕوانگەی كاتیی پەرەسەندنەوە ناتوانری تەخمین بكرێ، چونكە ئەو هێزە نە بە بڕیاری سیاسەتوانان و نە بە فەرهەنگی سوننەتی یەوە بەستراونەتەوە. بۆ وێنە تەنانەت ئەگەر سەیارەی بێ شۆفیر خۆی لە داهاتوودا لە ڕوانگەی ئەمنییەوە بۆ مرۆڤ بشسەلمێنێ، ڕەنگە بە چەندین ساڵی بوێ لە لایەن سیاسەتوانان و مرۆڤی بەكارهێنەرەوە كەڵكیان لێ وەرگیرترێ و متمانەی پێ بكرێ.

ئەو بۆچوونە نابێ ببێتە هۆكار بۆ ئەرخەیان بوون و پاڵدانەوەمان، ئەوكارە دەتوانێ زۆر مەترسیدار بێ ئەگەر بە ساكار بگیرترێ و

بگوترێ لە داهاتوودا کارێکی زۆر بۆ مرۆڤ پەیدا دەبێ، کە بتوانن جێی کاری گیراو لە لایەن بڵیمەتی چێکراوەوە بگرێتەوە. ئەو ڕاستییە کە لە ڕابردوودا لەهەنبەر ئۆتۆماتیککردنەوەی کەرەسەی کاریی و پێشکەوتوویی پێشەسازییەوە کاری نوێ بۆ مرۆڤ پێکهات، ناتوانێ گارانتی بێ کە لە داهاتووشدا بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی نێوان سەدەی ١٩ و ٢٠ لەگەڵ سەدەی ٢١ بە هەمان شێواز بەڕێوەبچێ.

چالاکی و تێکۆشانی نوێ کە سەدەی ٢١ بەهۆی تێکنۆلۆژی زابیاریی و بیۆتێکنۆلۆژی لەسەر ڕێگای داناوین بە دڵنیاییەوە گەلێك مەزنتر و ئاڵۆزترە لە هی سەدەکانی پێشوو. بە لەبەرچاوگرتنی هێزی کاولکاریی لەڕادەبەدەری شارستانییەتی ئیمەی مرۆڤ کە بووە هۆی شەڕە جیهانییەکان و شۆڕشە خوێناوییەکان، ئیتر نابێ بێڵین لەوە زیاتر قوربانی بۆ بدرێ. ئەمجارەیان دەتوانرێ بەهۆی بەڕێوەبردنی شەڕی ئەتۆمی و مانیپۆلیرەکردنی ژێنێتیکی، ژینگە و ژیانی خۆمان و بوونەوەرانیتری پێ توونا بکەین.

درێژەی هەیە...